گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(3).Paper5

ڕێــكەوتــی وەرگــرتــن: ٢٠٢٢/١٢/١٥
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٢/١٦
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٦/٢٩

# ڕۆڵی کوردی بەغداد لە نوسینەوەی یاداشت و بیرەوەری لە نێوان ساڵانی ١٩٩١ – ٢٠٠٣

**شاخەوان عبدالله صابر[١] - شوان ئەحمەد باپیر[٢]**

shwan.bapir@soran.edu.iq shakhawan.sabr@soran.edu.iq

[١+٢]بەشی مێژو، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

نوسینەوەی یاداشت و بیرەوەری یەکێک لە هەوڵە ڕۆشنبیرییەکانی کوردی نیشتەجێی شاری بەغداد بوە، لە نێوان ساڵانی ١٩٩١ بۆ ٢٠٠٣، مێژوی وابەستەبونی کوردەکان بە شارەکە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەکی درێژ و تیایدا جێدەستی خۆیان لە زۆرێک لە بوارەکاندا جێهێشتوەو لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیش هەر لەساڵی ١٩٢١ەوە، لە دامەزراوەکانی میری ڕۆژگاری پادشایەتی و دواتریش ماوەی کۆماری ١٩٥٨ تا ٢٠٠٣ ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی هەمەجۆریان هەبوە. بەشێکیان درکییان بە پێویستی نوسینەوەی یاداشت و بیرەوەرییەکانی خۆیان کردوە و هەوڵی نوسینەوەی ئەزمونی ژیانی خۆیان داوە، بۆ ئەوەی ببێتە مایەی سود و بایەخی توێژەران و نەوەی نوێ ئاشنابکەن بە ئەزمونەکانی خۆیان، لێکۆڵینەوە لە بارەی ئەم بوارە بایەخی مێژوی هەیە، بەو پێودانگەی زانیارییەکان بواری فراوانییان لەخۆگرتوە، وێڕای پەرەسەندنە سیاسییەکان، لایەنی کۆمەڵایەتی، ڕاگەیاندن، ئابوری، پەروەردە، جوگرافیا، شارستانی و ئافرەت...هتد، زانیاریی زۆر ورد و گرنگیان تێدایە و دەبنە پاڵنەرێک بۆ ڕونکردنەوەی زۆر لایەنی مێژوی هاوچەرخی کورد لە عێراقدا، ڕۆژگاری پادشایەتی بە بەراورد بە ماوەی کۆماری زیاتر برەوەی پێدراوەو پانتاییەکی بەرفراوانی بۆ تەرخانکراوە، لە پاڵیدا زاڵبونی توێژی سیاسی و سەربازییەکانە لەنێو کۆی یاداشت و بیرەوەرینوسانی بەغداد بە جۆرێک لە کۆی (٨) کەس (٥) کەسیان لەخۆگرتوە، ڕەگەزی ئافرەت لەم ماوەیەدا لایان لە نوسینەوەی یاداشت و بیرەوەری نەکردۆتەوە، یاداشتنوس و بیرەوەرینوسان بە زۆری بۆ خستنەڕوی زانیارییەکانی خۆیان پشتیان بە یادگەی خۆیان بەستوە.

**وشە کلیلەکان:** یاداشت و بیرەوەری، کوردی بەغداد، ڕۆژگاری پادشایەتی، عەبدوڵا عەباس، مستەفا نەریمان، ئەحمەد موختار بابان، مەسعود محەمەد.

## پێشەكی

یاداشت و بیرەوەری بە یەكێك لەو بوارانە لە قەڵەم دەدرێن، لە كاتی ئێستادا بونەتە جێگەی بایەخی توێژەران، لەم سۆنگەیەشەوە پانتاییەكی گرنگ لە مێژوی هاوچەرخی كورد پێكدەهێنن و وەك كەرەستەیەكی خاوی بەسود بۆ توێژەرانی بواری مێژو گرنگن، لەبەرئەوەی زۆرێك لە كەسایەتییەكانی خاوەن یاداشت و بیرەوەرییەكان، كاراكتەری سەرەكی ڕوداو پەرەسەندنە سیاسییەكان بونە، یاخود چاودێرێكی نزیكی ڕوداوەكان بونە، هەر لەبەرئەمەش نوسینەكانییان پانتاییەكەی بەرفراوان لە گێڕانەوە و پەرەسەندنە مێژوییەكانییان لەخۆگرتوە، بەڵام دەبێت بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ زانیارییەكانییان بكرێت، چونكە نوسینەكانییان زۆر كات ڕەنگدانەوەی هەست و سۆز و لایەنگیری پێوەدیاردەبێت و ئەوەش كاریگەری لەسەر بابەتیبونی بەرهەمەكانییان بەجێدەهێڵێت.

**گرنگی توێژینەوە:** ڕۆڵی كوردی بەغداد لە نوسینەوەی یاداشت و بیرەوەری لە نێوان ١٩٩١ بۆ ٢٠٠٣، وەك سنوری ئەم توێژینەوە قۆناغێكی گرنگە، چونكە بەشێك لەوانەی بەم هەوڵە هەڵستاون لە دەستەبژێرە دیارو بەرچاوەكانی نێو كۆمەڵگەی كوردی بونە، ڕۆڵ و كاریگەرییەكی دیاریان هەبوە لەنێو  دامەزراوە میری و سەربەخۆكان، هەر بۆیە ئەزمونی ژیانییان چەندان تۆماری گرنگی مێژویی لەخۆی هەڵگرتوە لە چوارچێوەی یاداشت و بیرەوەرییەكانییان، بەم چەشنەش لێكۆڵینەوە كردن لەم بابەتەدا بایەخ و گرنگی مێژویی هەیە لە چەندین ڕوەوە وەك، باری سیاسی، كۆمەڵایەتی، ئابوری و ڕۆشنبیری ...هتد.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی سەرەكی لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە دەرخستن و خستنەڕوی ڕۆڵی كوردی بەغدادە لە نوسینەوەی یاداشت و بیرەوەری، تا چ ئەندازەیەك ڕۆڵ و كاریگەرییان هەبوە و لە ڕێگەی زانیاری ناو نوسینەكانییان توانیویانە هەوڵەكانی خۆیان زیاتر لە چ بوارێكدا ڕەنگرێژبكەن، مەبستیشمانە پێگەیان بەروارد بە یاداشتنوس و بیرەوەری نوسانی باشوری كوردستان و تاراوگە بەدەربەخەین.

**پرسیاری توێژینەوە:** ئایا نوسینەوەی یاداشت و بیرەوەرییەكان چ زیادەیەكی خستۆتە سەر زانیاری و مەعریفەو هۆشیاری مێژویی؟ هەروەها ئایا یاداشت و بیرەوەری كوردی بەغداد ڕەنگدانەوەی زیاتری ماوەی ڕۆژگاری پادشایەتییە، یاخود كۆمارییە؟ ناوەندە ڕۆشنبیرییەكانی بەغداد، چ كاریگەرییەكی لەسەر داناون؟

**ڕێبازەكانی توێژینەوە:** لەم لێكۆڵینەوەیەدا پشت بەستراوە بە ڕێبازی شیكاری مێژوویی، لە پێناو دەرخستنی بایەخ و بابەتی بونی نوسینەكانی نێو دوتوێی یاداشت و بیرەوەرییەكانی كوردی بەغداد، هەروەها كۆمەڵگەی توێژینەوەمان بەگوێرەی سامپڵی پشكەكان (Quota Sample)ە، بەڵام ئێمە گشت یاداشت و بیرەوەریمان وەرگرتوە لە توێژی سیاسی، سەربازییەكان، ڕۆشنبیر و ڕاگەیاندكاران، ساڵی چاپی یاداشتەكانمان وەك بنەمایەك دیاریكردوە بۆ سنوری توێژینەوەكەمان.

**پێكهاتەی توێژینەوە:** ئەم لێكۆڵینەوەیە لە سێ تەوەرە و ئەنجام پێكهاتوە، تەوەرەی یەكەمی باس لە ناساندنی مێژو و چەمكی هەریەكە لە زاراوەكانی (ژیاننامە، ژیاننامەی خودی، بیرەوەری، یاداشت و گەشتنامە) كراوە، تەوەرەی دوەمی پێگەی كوردەكان لە شاری بەغداد، تیایدا ئامادەیی كوردەكان لە شاری بەغداد و مێژوی نیشتەجێبونی كوردەكان هەر لە سەرەتایی سەدەی بیستەوە ئاماژەی بۆكراوە، تاوەكو كۆتایی سنوری توێژینەوەكەمان و كاریگەری ناوەندە ڕۆشنبیرییەكان لەسەر كەسانی یاداشتنوس و بیرەوەرینوس، بەو پێودانگەی شاری بەغداد وەك پایتەخت، چەندین دامودەزگا و دامەزراوەی میری لەخۆگرتوە هەر بۆیەشە كوردەكانیش هاوبەشییان هەبوە لەو دامەزراوانەدا لەوانەش: دەزگا ڕاگەیاندنەكان لە چەشنی ڕۆژنامە، گۆڤار و ڕادیۆ، لەگەڵیشید كۆمەڵە ڕۆشنبیرییەكان، هەروەتر ئاماری یاداشتەكانیشی لەخۆگرتوە، تەوەرەی سێیەم تەرخانكراوە، بۆ یاداشتنوس و بیرەوەرینوسانی كوردی بەغداد، ئەوانەی دركییان بە گرنگی ئەم بوارە كردوە، خۆی لە (٨)، یاداشتنوسدا بەرجەستە دەكات، لەو ماوە مێژوییەدا ١٩٩١ – ٢٠٠٣، یاداشت و بیرەوەرییەكانییان چاپكراون، هەوڵدراوە شیكردنەوەو پوختەیەك لە بابەتەكانییان خستنەڕوی بۆ بكرێت، لە كۆتاییدا چەند دەرئەنجامێكی ئەم توێژینەوە خراونەتەڕو.

## تەوەرەی یەكەم: چەمكی ژیاننامە و جۆرەكانی

یاداشت و بیرەوەرییەكان، سەرچاوەیەكی مێژو نوسینن، بۆ لێكۆڵەرانیش تۆمارێكی گرنگ و پێویستن، لەبەرئەوەی زانیارییەكان بە ڕاشكاوانەتر بە دیاردەخەن، لەگەڵیشیدا بە مەبەستی ڕاستكردنەوە و جێگیركردن لەگەڵ زانیارییەكانی سەرچاوكانیتریش بە كاردێن (الزوبعي، ٢٠٠١: ١٠٥). سەرەتای نوسینەوەی ژیاننامە، ژیاننامەی خودی، بیرەوەری، یاداشت و گەشتنامە لە دیدی لێكۆڵەرانەوە بیروبۆچونی جیاوازی لەسەرە. توێژەر جۆرج مای (Georges May) (١٩٢٠ – ٢٠٠٣)، نوسینی ژیاننامەی خودی، دەگەڕێنێتەوە بۆ كیشوەری ئەوروپا، بە شێوەیەك لە شێوەكانی وەك پانتاییی زانین و ڕۆشنبیری خۆرئاوایی هەژماریكردوە (ماي، ٢٠١٧: ٣٢)، لە ژیاننامەنوسە كاریگەرەكان لوسیوس مێستریوس پلۆتراچ Lucius (Mestrius Plutarchus) (١٢٢ – ٤٨ .پ.ز)ە، كە بەراوردی مێژو و شكۆی یۆنان و ڕۆمانی كردوە

(Caine, 2010: 8)، هەروەها دانپێدانانەکانی قەشە ئۆگەستی (S. Augustine) (٣٥٤ – ٤٣٠)ز، بە ژیاننامەیەکی خودی ڕاستەقینە لە قەڵەم ئەدرێت (ماي ،٢٠١٧: ٣٦)، بەهەمان پێودانگ، کتێبی دانپێدانانەکانی جان جاک ڕۆسۆ (Rousseau Jean Jacques) (١٧١٢ – ١٧٧٨)، نوسینەوەی ئەم بەرهەمەی بە یەکێک لە شاکارەکانی ئەژمار دەکرێت، ڕاستگۆیانە گوزارشتی لە ژیانی سەربەخۆی تاک کردوەو لە پێشەکیدا دەڵێت "کارێکم کردوە نە لەپێش من کەس پەی پێبردوەو نە لە ئایندەش کەس دەتوانێت دوبارەی بکاتەوە" زۆر بەتەنگ ئەم بەرهەمەی وەبوە، ڕۆسۆ سەرباری خستنەڕوی گشت سەربوردەی ژیانی، خۆشی نەبواردوە، لە خستنەڕوی هەڵەکانی (روسو، ١٩٩٨)، لەگەڵ نمونەی ڕۆژئاوایی نمونەی خۆرهەڵاتیشمان بەچەنگ دەکەون وەکو ژیاننامەی ئەدیبی چینی چێن فوی (Chen Fou) (١٧٦٣ – ١٨٠٩)، و چیرۆکی ژیانی مهاتما گاندی (Mahatma Gandhi) (١٨٦٩ – ١٩٤٨) و چەندانی تر، بەم پێیەش بێت خۆرئاواییەکان زوتر دەستیان بە نوسینەوەی ژیاننامەی خودی کردوە (ماي، ٢٠١٧: ٣٢ – ٣٤). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا "ویل دۆرانت" وای بۆچوە، سۆمەرییەکان و دواتریش بابلییەکان بایەخیانداوە، بە باسکردنی خودی خۆیان، بەڵام لە چوارچێوەیەکی مێژویی نەوەک لە شێوەی گێڕانەوەیەکی چیرۆک ئامێزی هاوشێوەی میسرییەکان، هەروەها کتێبی (الاعتبار)ی ئوسامەی کوڕی مونقز، لەسەدەی (١٢)ی ز، بە یەکێک لە دانراوەکانی ئەم بوارە هەژماردەکرێت (شاکر، ٢٠٠٢: ٢٨، ٣٢).

لە بارەی شیکردنەوەی زاراوەکانی وەک ژیاننامە، ژیاننامەی خودی (السيرة الذاتية)، یاداشت، بیرەوەری، گەشتنامە، لە فەرهەنگەکان پێناسەی جۆراوجۆریان بۆکراوە بۆ نمونە زاراوەی ژیاننامە، لە زمانی ئینگلیزییدا بەرانبەرەکەی وشەی (Biography)، بەکارهێنراوە، بریتییە لە چیرۆکی ژیانی تاکەکان، کە لەلایەن کەسێکی دیکەوە نوسراوە (Cambridge, 2004: 69)، واتە کەسێکیتر هەڵدەستێت بەنوسینەوەی ژیاننامەی تاکێک، کە لەبوارێکدا جێدەستی دیارە، ئەم زاراوەیە ئەگەرچی ناچێتە چوارچێوەی توێژینەوەکەمان، بەڵام نزیکە لە شێوازی نوسینەوەی یاداشت و بیرەوەری، لە کۆتایی سەدەی 16ز، جیاوازی لە نێوان مێژو و ژیاننامەدا بەدەرکەوت، هەروەک فرانسس بیکۆن (Francis Bacon)، لە سەرەتای سەدەی (١٧)ز، جەختی لەوە کردەوە، پێویستە ژیانی تاک، وەک بەشێکی مێژو سەیر بکرێت، نەوەک وەک بەشێکی جیاواز (Caine, 2010: 9).

ئەوەی تایبەتیشە بە زاراوەی ژیاننامەی خودی بە زمانی عەرەبی (السيرة الذاتية)و بە زمانی ئینگلیزییش وشەی (Autobiography) بۆ بەکاردێت، بریتییە لە چیرۆکی ژیانی کەسیی، واتە لەلایەن خودی کەسەکەوە بنوسرێتەوە، هەروەها ئەو ئەدەبیاتەی، کە پێوەندیدارە بەوەی، کە خەڵک دەربارەی ژیانی خۆیان بنوسن (Longman, 2005: 78). لێرەدا جۆرێک لە تێکەڵاوی لە پێناسەکردنی ژیاننامەی خودی

لەگەڵ زاراوەکانیتردا هەیە، هەروەک نیعمە قەرەنی، زاراوەی ژیاننامەی خودی (Autobiography)، بۆ هەردو یاداشتی (گەشتی ژیانم)ی مەسعود محەمەد و (کورد و ژیانێکی پڕ ئەندێشە)ی پاکیزە ڕەفیق حیلمی بەکارهێناوە (قەرەنی، ٢٠١٢: ٩٧، ١٥٧)، واتە لە دیدی ئەودا ئەو کارەی هەردو نوسەر ئەنجامیانداوە دەچنە چوارچێوەی نوسینەوەی ژیاننامەی خودی نەک یاداشت و بیرەوەری، بەڵام لە بەرانبەر ئەم ڕایەشدا، ڕایەکیتر هەیە وای بۆچوە، ژیاننامەی خودی هاوواتای بیرەوەری نییە، بەڵکو شێوەیەکە لە شێوەکانی نوسینەوەی بیرەوەری (ناوخۆش، ٢٠٢١: ١٣،١٤ ).

دەربارەی زاراوەی گەشتنامە، نوسەر وێنەی سەردەم، جێ و ڕێ، ڕوداو و باری ژیانی وێنە دەکێشێت، تۆمارکردنەکەی دەبێتە موڵکی زانستەکانی مێژو، جوگرافیا، کۆمەڵناسی، لە بواری ئەدەبیش دەبێتە نمونەی پەخشانی ئەو کات (بیمار، ١٩٩٨: ١٨١)، بەڵام شوکریە ڕەسول دەڵێت "نابێت ئەدیب گەشتنامەکەی وەک مەسەلەیەکی مێژویی وەربگرێت، دەست بە باسکردنی بارودۆخی ڕامیاری و ئابوری کۆمەڵایەتی بکات، چونکە ئەنجامی ئەو باسکردنە شێواندنی بینای هونەری بەسەرهاتەکەیە" (رسول، ١٩٨٩: ١٤٢). بەو پێودانگەی نوسەر، ئەبێت بواری گەشتنامە پتر بینای هونەری بگرێتەوە، لەکاتێکدا ئەو کەسانەی گەشتنامەیان نوسیوەتەوە، ئەشێت کەسانی وەکو بازرگان، سیاسی، سەربازی، ئاینی هتد...بن، ئەوانە سەرگوزشتەی گەشتەکانییان دەگێرنەوە و چەندین لایەنی ژیاری و ئەو شوێنانەی گەشتەکەیان بۆی کردوە تۆماردەکەن، لێرەشدا خاوەنی گەشتنامەکە ئەو بوارانەی پەیپێبردوە دەیگوازێتەوە، بەم پێیەش کەسی گەشتنوس لەیەک کاتدا خزمەت بە بوارەکانی ئەدەب، مێژو، کۆمەڵایەتی، ئاواکاری، ئابوری لەگەڵ چەندین بواریتریش دەکات. زاراوەی یاداشتیش لە فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەدا، بە وشەیەکی فارسی لەقەڵەم دراوە، بە واتای بیرەوەری و نوسینەوەی ڕوداو هاتوە (هەژار، ١٩٩١: ١٠٢٧)، لە فەرهەنگێکیتریشدا بە هەمان شێوە دوپاتی ئەوە کراوەتەوە، ڕیشەی وشەی یاداشت، وشەیەکی فارسییە، بەرانبەرەکەی لە زمانی کوردیدا بە چەند ناوێک هاتوە: بیرنامە، بیرەوەری، یاداشت و یادەوەری (ئیبراهیمی، ٢٠١٢: ١٩٤٠). لە زمانی ئینگلیزیشدا وشەیDiary، وا پێناسەکراوە تۆمارێکی ڕۆژانەیە بەتایبەتی بۆ ئەزمونە کەسییەکان و هزرییەکانی، یاخود پەرتوکێکە بۆ پارێزگاریکردن لە یاداشتەکراوەکانی خودی کەسەکە (webmester, 2011: 421). زاراوەی بیرەوەریش ژانرێکی ئەدەبییە، لە فەرهەنگەکاندا پێناسەی هەمەچەشنی بۆکراوە، بۆ نمونە لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزی وشەی (Memoir)، لەبەرانبەردا بۆ بەکاردێت، واش پێناسەکراوە، کە لە لەلایەن کەسێک، بەتایبەتی کەسی بەناوبانگ، دەربارەی ژیان و ئەزمونی خۆی دەنوسرێت. یاخود نوسینێکە لە بارەی ژیانی تاکێک، شوێنێک و ڕوداوێک، لەلایەن کەسێکەوە ئەنوسرێ، کە بە باشی ئاگاداری ڕوداوەکانە (2010، 957) لە زمانی عەرەبیشدا وشەی (المذكرات)ی بۆ بەکاربراوە، لێکۆڵەر (محمد التونجي) نوسینەوەی

یاداشتی بە کارێکی وێژەیی ژیاننامەی خودی لەقەڵەم داوە، وای بۆ چوە نوسەر، لەبارەی ژیانی خۆی و ژیانی کەسانی ناودار دەنوسێت، پشت بە ڕێزبەندی ڕۆژەکان، یاخود پشت بە گرینگترین ڕوداوە بە دوای یەکداهاتوەکان دەبەستێت، کێشەیەک لە کێشەکانی هاوسەردەمی شی دەکاتەوە (١٩٩٩: ٧٧٧، ٧٧٨) .

**تەوەرەی دوەم: پێگەی کوردەکان لە بەغداد**

- **ئامادەیی کوردەکان لە بەغداد**

شاری بەغداد، بەهۆی پێگە گرینگەکەی لە ساتەوەختی دروستبونییەوە، بۆتە جێگەی بایەخی چەندان نەتەوەی جیاواز، ئەوەش لەبەر چەند هۆکارێک بوە لەوانەش: هۆکاری ئابوری، سیاسی، یاخود بەمەبەستی بازرگانیکردن و سەردانی ئارامگەی شوێنە پیرۆزەکان لە شارەکە نیشتەجێبونە و لە ماوە جیاوازەکانیشدا کۆچیان بۆی کردوە، وەک پێکهێنەرێکی سەرەکی دانیشتوانی ئەم شارە لە تەک عەرەبەکان نیشتەجێبونە، لەو نەتەوانەش، تورک، هیند، فارس و کورد (اللامي، ٢٠١٧: ٢١٤).

ئامادەیی و بونی کوردەکان لە شاری بەغداد مێژویەکی دێرینی هەیە، هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی و نزیکی لە سنوری ناوچە کوردییەکان، بونەتە پاڵنەرێکی بەهێز، لە تەک ئەمانەشدا بونی هۆکارەکانی تریش وەکو بەدەستهێنانی پلە و پێگەی کارگێڕی و سەربازی، سەرباری گۆڕانی فەرمانڕەوایەتییەکان ئامادەگی کوردەکان لەوشارەدا درێژەی هەبوە، (نەجار، ٢٠١٩: ١٦؛ هاجاني، ٢٠١٣: ٩٠ – ٩١)، بەرئەنجامی بونی دامودەزگای میری و کارگێری لە بەغدادی پایتەخت، وەکو بنکەیەکی کۆکەرەوی دەستەبژێرانی کۆمەڵگەبو، هەریەکە لە ڕۆشنبیرو، ئەفسەران و فەرمانبەرانی کورد، لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتایی سەدەی بیست ڕویان لە دەوڵەتی عوسمانی کرد، لە دوای تەواکردنی خوێندنیان لە دامەزراوە جیاوازەکانی دەوڵەت دەست بەکاربون، بەڵام دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی لە ١٩٢١، دەرگای لەبەردەم واڵاکردن، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە و بەشێکی زۆریان لە بەغداد نیشتەجێبون لەوانەش: ئەمین زەکی بەگ (١٨٨٠ – ١٩٤٨)، جعفەر عسکری (١٨٨٥ – ١٩٣٦)، تۆفیق وەهبی بەگ (١٨٩١ – ١٩٨٤) (نەجار، ٢٠١٩: ١٦)، عەلی کەمال بەگ (عبدالرحمن، ٢٠٠١: ١٠)، سدیق قادری (القادری، ١٩٢٤: ٢٤٨)، هەروەها دەستەبژێرێکی تر لە ڕۆشنبیرانی کوردی، لە دایک بوی شاری بەغدادن لەوانەش: مەعروف جیاوک (١٨٨٥ – ١٩٥٨)، بەشیر موشیر (١٨٩٠ – ١٩٦٣) (نەجار، ٢٠١٩: ١٧)و ئەحمەد موختار بابان (١٩٠١ – ١٩٧٦)، (بابان، ١٩٩٩:١٣) هتد...، ئەمانە جێدەستیان دیاربوە لە بواری ڕۆشنبیری و سیاسی هەندێکیتریشیان بە هۆکاری جۆراوجۆر ڕویان لەم شارەکردوە، بەتایبەتیش بەغداد هەم لە ڕوە شارستانییەکەی، هەمیش بواری ئاواکاری زۆر لە پێش شارەکانیترەوەبوە، بەتایبەتی شارە کوردییەکان جۆرێک لە پەراوێزخراویان تیادا بەدیدەکرا، بەغداد هەر لە

١٩٠٨ەوە کۆلێژی مافی تیاداکرابوەوە، بە دوایدا کۆلێژی ئەندازیاری ١٩٢١، خانەی بەرزی مامۆستایان١٩٢٣، کردنەوەی کۆلێژەکان بەردەوامی هەبو، تا ساڵی ١٩٥٦ زانکۆی بەغداد دامەزرا (الحميري، مجلة (كلية التربية/ جامعة بابل) ع: ٤٣، ٢٠١٩: ١١٣٨). ئەم دەستەبژێرە، پلەو پایەی گرنگیان لە دامەزراوەکانی میری وەرگرت، دیارترینییان: مەسعود محەمەد (١٩١٩ – ٢٠٠٢)، (محەمەد، ١٩٩٢: ٤٩٤)، ئیسماعیل بەگ ڕەواندزی (١٨٩٨ – ١٩٣٣)، (مستەفا، ٢٠١٧: ٢٩)، ڕەفیق حلمی (صابر، ٢٠٠٧: ١٩٢)، فواد عارف، (عارف، ج١، ١٩٩٩)، حافز قازی (١٩٢٩– ٢٠١٠) (قاضی، ٢٠٠٣: ٢٥) و چەندانیتریش، دەستەیەکیتری چین و توێژە جیاوازەکان هەر لە ساڵانی شەستەکان و ماوەکانی دواتریش بە دیاری کراوی لە دوای نوشوستی شۆڕشی کوردی لە ساڵی 19٧٥، بە ڕێژەیەکی زیاتر ڕویان لە شاری بەغداد کردوە و بەشێکیشیان تا دوای ٢٠٠٣تیایدا مانەوە، ئەمانەش بەشێکییان لە دامەزراوە ڕۆشنبیرییە کوردییەکانی شاری بەغداد دەست بەکاربون، لە ڕۆژنامە، گۆڤارە کوردییەکان، تەلەفیزیۆن و ڕادیۆی کوردی، ڕۆڵ و بەرپرسیاریێتی جیاجیایان بینوە، لەوانەش: مستەفا نەریمان (نەریمان، ١٩٩٤: ٢٢١)، عەبدوڵا عەباس (١٩٤٦– )، (عەباس، ٢٠٠١: ٦٠)، عبدورەزاق بیمار (١٩٣٦ – ٢٠٢٢)، محەمەد سلیم سواری (١٩٥١ – )، جەمال بابان (١٩٢٧ – )، (دەلۆ، ب١، ٢٠٠٥: ١١– ٣٧٣)، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی (١٩١٣ – ٢٠٠١) (باوەڕ، ٢٠١٨: ١١٦)، وریا عومەر ئەمین (١٩٤٧ – ) (مەولود، ٢٠٢١: ٢٨)، هەندێکیشیان لە دامەزراوە زانستییەکانی وەک زانکۆکان دامەزراون، لەوانەش کەمال مەزهەر (١٩٣٧ – ٢٠٢١)، فوئاد حەمە خورشید (١٩٤٣ – )، کاوس قەفتان (١٩٣٣ – ٢٠٠٩)، (دەلۆ، ب١، ٢٠٠٥: ١١ – ٣٧٣)، مستەفا زەڵمی (١٩٢٤ – ٢٠١٦)، (٢٠١٤، ب٢: ١٥٨)، نەسرین فەخری (١٩٣٧ – ٢٠١٨) (دەلۆ، ب١، ٢٠٠٥: ١١ – ٣٥). هەندێکیش بە سزا ڕەوانەی بەغداد کراون لەوانەش کوردستان موکریانی و هاوسەرەکەشی جەمال ڕەشید، لە دوای خۆپیشاندنی قوتابییانی زانکۆی سەلاحەددین ساڵی ١٩٨٢ ڕەوانەی زانکۆی بەسرا و دواتریش گەڕایەوە بۆ زانکۆی بەغداد (موکریانی: ٢٠٢٢، ١٣٦، ١٤٣).

شایەنی باسە لە دوای ڕوخانی کۆماری مەهاباد، و ماوەکانی دواتریش بەشێک لە کوردەکانی ڕۆژهەڵات زۆرترینیان لەبەر هۆکاری سیاسی ڕویان لە باشوری کوردستان کردوە و پاشانیش هەندێکییان لە بەغدادی پایەتەخت هاوشانی کوردەکانی ئەویّ لە دامەزراوە ڕۆشنبیرییە کوردییەکان ڕۆڵی خۆیان دیوە لەوانەش: هەژار موکریانی (١٩٢١ – ١٩٩١)، لەساڵی ١٩٧٢ وەک ئەندامی کۆڕی زانیاری کوردی دیاری کراوە (نەریمان، ١٩٩٤: ٢٢٧)، هێمن موکریانیش (١٩٢١ – ١٩٨٦)، کراوەتە ئەندامی یاریدەدەر و ئەندامی لیژنەی ئەدەبی کۆڕیش بوە، عەبدولڕەحمان قاسملۆ (١٩٣٠ – ١٩٨٩)، وەک ئەندامی کارای کۆڕ دەستنیشان کرابو، هەروەها هەریەکە لە عەبدوڵڵا حەسەن زادە (١٩٣٩ – )، حەسەنی قزڵجی (١٩١٤ – ١٩٨٥)، عەبدولڕەحمان زەبیحی "عولەما" (١٩٢٠ – ١٩٨٠)، جێدەستیان دیار بوە لە بواری نوسین وخاوەن چەندین بەرهەمی جۆراوجۆرن

و خزمەتییان بە ڕەوتی ڕۆشنبیری کوردی کردوە (محەمەد، ١٩٩٢: ٥٤٠، ٥٤١)، لە توێژی هونەرمەندانیش حەسەن زیرەک (١٩٢١ - ١٩٧٢)، ساڵی ١٩٥٣ لە دوای پەنابردنی بۆ عێراق، لە شاری بەغداد ئاکنجی دەبێت و لە بەشی کوردی ڕادیۆی بەغداد چوار بەرنامەی گۆرانی هەبوە (خۆشناو، ب٢، ١٩٨٦: ١٧).

لە بابەت سەرژمێری دانیشتوانەوە، بەپێی بەڵگەنامەیەکی حکومەتی بەریتانیا، لە ساڵی١٩٢٠دا، ژمارەی کوردەکان لە شاری بەغداد بە (٣)هەزار کورد دیاریکراوە، لە دوای نەتەوەی عەرەب و فارس، کوردەکان سێیەمین پێکهاتەی دانیشتوانی شارەکەن[1]، سەرژمێری ١٩٥٧یش، ژمارەی کوردانی بەغدادی بە (١٤٦٥٣) کەس دیاریکردوە، زۆرینەشیان لە کوردە فەیلییەکانن، لەگەڵ ئەوەی ئەم سەرژمێرییە زۆر ورد نییە، بەڵام ژمارەی کوردەکان لە دوای نەتەوەی عەرەب لە ڕێزبەندی دوەمە (عبدالمحمد، ٢٠٢٢: ٢٠١)، فەیلییەکان بە ژمارەیەکی زۆر ئامادەییان لە شاری بەغداد هەبوە و ڕۆڵی گرنگیان لە ژیانی ئابوری و بازرگانی هەمو عێراقیشدا هەبوە (الحاج، ١٩٩٩: ١١٦)، تەنانەت شا دەماری ئابوری شاری بەغداد لە دەستی ئەواندابوە، بە بزوێنەری جوڵەی ئابوری شار هەژمارکراون (البدري، ٢٠١٧: ٤)، بە تێڕامان لە سەردەمی دەسەڵاتی پارتی بەعس ١٩٦٨ - ٢٠٠٣، هەوڵی کەمکردنەوەی ئەم ڕێژەیانداوە، لە نێوان (١٩٧٠ - ١٩٧٥)، سیاسەتی ڕاگواستنی هەزاران کوردی لە شارەکانی بەغداد، بەسرە، خانەقین و مەندەلی دەرکرد، بە تۆمەتی ئێرانی بون و بە بیانوی دروستکردنی مەترسی لەسەر ئاسایشی ستراتیژی وڵات بۆ وڵاتی ئێرانی دورخستنەوە (مینە، ٢٠١٢: ٢٢٧).

مایەی ئاماژە پێدانە سەربارى ڕاپەڕین و ئازادبونی باشوری کوردستان، لە بەهاری ١٩٩١دا، بەڵام بە هۆکاری جیاواز بەشێکی زۆری دەستەبژێری کوردی لەو شارەدا مانەوە و پاساویش بۆ مانەوەی خۆیان دەهێننەوە، کە دامەزراوبونە لە دەزگا کارگێڕییەکانی دەوڵەت و لەسەر درێژەدان بە ئەرکی خۆیان لەو دامەزراوانە بەردەوام بونە، هەندێکییان تا دوای ساڵی (٢٠٠٣)یش مانەوە، کەمال مەزهەر بە هۆی بونی کتێبخانەیەکی گەورەی و ئاسان نەگواستنەوەی بۆ کوردستان، وەک فاکتەرێکی سەرەکی مانەوەی خۆی لە بەغداد دائەنێت (پەیوەندی تەلەفۆنی، بەرزنجی، ٢١ تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢). لە ماوەی ١٩٩١– ٢٠٠٣، دەزگای ڕۆشنبیری بڵاوکردنەوەی کوردی بەردەوام بو لەسەر چالاکییەکانی خۆی، هەروەک دامەزراندنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٩ بەناوی (دار التضامن - خانەی هاوکاری)و دواتر بۆتە دەزگای ڕۆشنبیری بڵاوکردنەوەی کوردی، لەسەرەتادا بەڕێوبەرەکەی ئیحسان فوئاد بو (١٩٣٦ - ٢٠٠٨) (نەریمان، ١٩٩٤: ٢١٨)، ئەم دەزگایە چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکی دەرکردوە لەوانەش: گۆڤاری ڕەنگین، گۆڤاری بەیان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ڕۆژنامەی هاوکاری[٢].

## ٢ .کاریگەری ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان لەسەر کەسانی یاداشتنوس و بیرەوەرینوس

شاری بەغداد چەندین ناوەندی ڕۆشنبیری لەخۆگرتبو، کەسانی یاداشتنوس و بیرەوەرینوسیش، وابەستەبون بە بەشێک لەو ناوەندانەو بەشێک لە ئەزمونی ژیانییان لەو ناوەندانە تاوداوە، لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لە حوزەیرانی١٩٧٠دامەزراوە تا ٢٠٠٣، بەردەوام بوە لەکارکردن، دیارترین چالاکییەکانی ئەنجامدانی کۆڕی ئەدەبی، هونەری، کۆمەڵایەتی، یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز و دەرکردنی گۆڤاری ڕۆژی کوردستانبوە (بەرزنجی، پەیوەندی تەلەفۆنی، ١٦ی ئەیلولی ٢٠٢٢)، لە بارەی یانەکانیشەوە چەند یانەیەکی کوردی لە شاری بەغداد دامەزراون لەوانەش: یانەی سەڵاحەددین، لە ٦ی ئەیلولی ١٩٧٢، لەلایەن کوردەکانی دانیشتوی شارەکە دامەزراوە، کاروچالاکییەکانییان زیاتر برەودان بوە بە بۆنە و ئاهەنگی خێزانی بۆ ئەندامانییان، ئەگەرچی لە پێڕە و پرۆگرامەکانییدا جەختیان لەسەر چالاکی ڕۆشنبیری، هونەری، وەرزشیش ...هتد، کردبوەوە (دەلۆ، ب١، ٢٠٠٥: ١١٣ – ١١٩)، بە هەمان شێوە یانەی کۆمەڵایەتی سەر بە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی، و یانەی سیروانیش لە یانە کۆمەڵاتییەکان بون (پەیوەندی تەلەفۆنی، عەباس، ٨ی ئابی ٢٠٢٢) .

لەپاڵ ئەمانەشدا ڕادیۆی کوردی بەغدادیش لە ١٩ی تشرینی دوەمی ١٩٣٩دا هاتۆتە دامەزراندن بایەخ و کاریگەری خۆی هەبوە، لە کۆکردنەوەی کوردی بەغداد و شارەکانیتریش (میخایلۆڤ، سەپان، ٢٠٢٠: ٥٢)، تەنانەت ببوە مینبەرێک بۆ یاداشتنوس و بیرەوەرینوسان، تا لە ڕێگەیەوە کار و چالاکییەکانی خۆیان بڵاوبکەنەوە، بەتایبەتی لە دوایی سالانی حەفتاکان بەرنامەی مێژویی و ئەدەبی پەخشکراوە، هەریەکە لە عەبدوڵا عەباس بەرنامەی (ئێوارەت باش)، هەروەها مستەفا نەریمان بەرنامەی (ئەمڕۆ لە مێژو)ی پێشکەش کردوە (نەریمان، ١٩٩٤: ٢٦٢؛ هۆشەنگ، ٢٠١٩: ٢٥٨)، هەندێک لەو کەسایەتییانەی ناومانبردن، بەرئەنجامی ئەو ئەزمون و تەمەنەی لەو دامەزراوانە بردیانە سەر، وایلێکردن بپرژێنە سەر گواستنەوەی بۆچون و تێڕوانینەکانییان، لە بارەی ژیانی خۆیان و دەوروپشتیان، ئەزمونی ژیانییان هەوێنێکبون بۆ لە دایکبونی چەندین یاداشت و بیرەوەری.

## ٣ .ئاماری یاداشت و بیرەوەرییەکان

لە نێو دەستەی ڕۆشنبیر و ڕوناکبیرانی کوردی نیشتەجێی نێو شاری بەغداد، بەشێکییان هەوڵە ڕۆشنبیرییەکانی خۆیان تەرخانکردوە بۆ نوسینەوەی یاداشت و بیرەوەری ژیانی خۆیان، بەگوێرەی خشتەی ژمارە (٢)، یاداشت و بیرەوەرییەکانی کوردی بەغداد، لە بەدواداچونێکی توێژەردا، لە کۆی گشتی یاداشت و بیرەوەری نوسانی کوردی باشوری کوردستان لە نێوان سالانی ١٩٩١ – ٢٠٠٣، ژمارەیان (١٠١)ە، تەنها

هەشتیان لە کوردی نیشتەجێبوی بەغداد لەخۆدەگرێت، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی لە (٨ . ٨ %[٣])، توێژەر بۆ کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی، پشتی بەڕێگەی سامپڵی پشکەکان[٤] بەستوە، بەو پێوەرەش سەرەڕای نیشتەجێبونی ژمارەیەک لە ڕۆشنبیر و نوسەری کوردی دیار و بەردەستبونی دەزگای چاپەمەنی، بەڵام بایەخدانەکەیان وەک پێویست نەبوە، ئەوەش بە دور نازاندرێت لەبەر چەند هۆیەک بوبێت، لەوانەش فەراهەم نەبونی ئازادی بیروڕای نوسین، بونی چاودێری و دانانی مەرج لەسەر نوسینەکان لەلایەن دامەزراوەکانی حکومەت لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی پارتی بەعس (مەولود، ٢٠٢١: ٣١ – ٣٣)، هەر لەم پێودانگەدا بارودۆخی سیاسی کوردەکان بە دیاریکراوی ئەو بوارانەی پەیوەست و گرێدراون بە کێشەی سیاسی کوردییەوە، لەناو نوسینەکانییان ڕەنگی نەداوەتەوە (پەیوەندی تەلەفۆنی، ئەمین، ١٢ی ئەیلولی ٢٠٢٢).

## تەوەرەی سێیەم: یاداشتنوس و بیرەوەرینوسانی کوردی بەغداد

چەند توێژێکی جیاواز هەڵساون بە نوسینەوەی یاداشت و بیرەوەرییەکانی خۆیان، لەم چوارچێوەیەدا لە توێژی نوسەران مستەفا نەریمان، بیرەوەرییەکانی خۆی لەژێر ناوی (بیرەوەرییەکانی ژیانم) نوسیوەتەوە، بابەتەکانی نێو دوتوێی ئەم بیرەوەرییەی زیاتر خۆیان بەرجەستە دەکەن لە بوارەکانی ڕۆشنبیری، بە دیاریکراوی بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، مێژوی، ئاوەدانی و جوگرافیاش داوەتەوە، هەروەتر ئاوڕیشی لە ژیانی تایبەتی خۆی داوتەوە لە چەند گۆشەیەکەوە، ئەم تایبەتمەندییە بەو چەشنە لە یاداشت و بیرەوەریەکانی دیکە کەمتر بەرچاودەکەوێت، بەو شێوە گشتگیرییە لە باسەکان بدوێت، لە کۆتایی هەر بابەتێکیش بۆ پشت ڕاستکردنەوەی زانیارییەکان گەڕاوەتەوە سەر ژێدەرەکان، لەبەرایی بیرەوەرییەکانیدا پێشەکییەکی لەبارەی بایەخی یاداشت و بیرەوەری نوسیوە، سەرنجی خستۆتەسەر چەند بیرەوەرینوسێکی سیاسی لە بیانییەکان و تورک، عەرەبی عێراقی و بیرەوەرینوسە کوردییەکان و بە کورتی ناساندنی بۆ کردونە، ئەزمونی ژیانی خۆی بە کورتی باسکردوە، ئاوڕدانەوەیەکی لە ڕابردوی شاری کفری، سەردەمی منداڵی خۆی داوەتەوە، قۆناغی خوێندنی و هاتنی بۆ شاری بەغداد هەر لە ١٩٤١ەوە وەک قوتابی لە خانەی مامۆستایان و پاشان بونی بە مامۆستا و پشکنەر، قۆناغی کاری ڕۆژنامەوانی لە حەفتاکان و بونی بە ئەندامی یاریدەدەر لە کۆڕی زانیاری کوردی لە ١٩٧٤، خەرمانی پەنجا ساڵی نوسینی خۆی لە ١٩٤٣ تا ١٩٩٠، خستۆتەڕو. یەکێک لە خاسیەتەکانی ئەم بیرەوەرییە، چەند لایەنێکی دیکەی سەردەمی خۆشی بۆ باسکردوینە، بەتایبەتی بۆ توێژەران، بیانەوێت لەسەر شاری کفری و کەرکوک لێکۆڵینەوە بکەن، زانیاری زۆریان بەدەست دەکەوێت، بۆ نمونە پێکهاتەیی دانیشتوانی شاری کفری لە ڕوی کۆمەڵایەتی شیدەکاتەوە، باس لە هۆزە نیشتەجێبوەکانی ئەم شارە دەکات وەک: جاف، زەنگەنە، داودە، دەلۆ، زەند، پاڵانی و تاڵەبانی، لە عەرەبەکانیش کەرەوی، لهێب و جبور، سەبارەت بە کەرکوکیش باسی بنەماڵەکانی تاڵەبانی، خانەقا و

سەجادە، هی تورکمانەکان، نەوتیچییەکان، یەعقوبییەکان و ئاوچییەکان کردوە (نەریمان، ١٩٩٤: ١٧، ١٣٧، ١٣٨)، پۆشینی جل و بەرگی پیاوان و ئافرەتانی سالانی سییەکان، و بەشێک لە دابونەریتەکانی ئەو کاتی کفری بە کورتی بۆمانی گواستۆتەوە، لەگەڵ هاوسەرگیری خۆی و سەردەمی ئێستای بەراورد کردوە (نەریمان، ١٩٩٤: ٢٧، ٤٤، ٩٤، ١٢٢)، لە باسی ئابوری نمونە بە باوکی دەهێنێتەوە دەڵێت "سالانە یەک دو لۆری خوری ڕەوانەی بەغداد دەکات" ئەو کات بەشێکی داهاتی خەڵکی لەسەر ئاژەڵداری بوە (نەریمان، ١٩٩٤: ٣٠)، لەلایەکیترەوە جیاواز لە بیرەوەری نوسانیتر، ژیانی کەمە ئاینزاکانی لەبیرنەکردوە لە شاری کفری، هەروەک هێما بۆ ئەوە دەکات لە شاری کفری نزیک بە (٤٠ – ٥٠)ماڵی جولەکە هەبونە زۆرینەیان کوردی قەرەداغ و سلێمانی بونە، باسی پیشەکانییان دەکات وەک پیشەی خومچی، بازرگان، هەروەها لەتەک کوردو عەرەب و تورکمانیش لە دامودەزگای میری بەرپرسیارێتییان هەبوە، بە نمونە باس لە گێڕانەوەی قۆجە شاوڵ دەکات لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بۆتە ئەندامی شارەوانی کفری، بەڵام ناڕەزایەتی لێکەوتۆتەوەو لە بەرانبەردا خەلیل منەروەری شاعیر گوتویەتی

"ئەو ساکەم زانی کفری کاولە:

ئەعزای مەجلیسمان قۆجە شاوڵە"

پاشان، قائیمقام بە ناچار گۆڕی و (ساڵح دانیال)ی خستە شوێنی، (حسقێلی) کوری بۆتە پشکنەری گشتی تاپۆ، جولەکەیەکیتر (لاوە لێویە)، بازرگان و نوێنەری دابەشکردنی خۆراکیش بوە، ئەوکات پێیان دەگوت (تموين)، هاوشان لەگەڵ هەریەکە لە داود مۆشی، ئەلیاهو خدوری، هاوکاری یانەی سەرکەوتنی کوردانییان کردوە لە سالانی چەلەکاندا، ئەوەش دەخاتە ڕو، لەو ساتەی قوتابی بوە هەم قوتابی و هەمیش مامۆستای جولەکەیان هەبوە، لەوانەش مامۆستا (شوەعو – شەلەمۆن)، کە لەگەرەکی جولەکەکان لە (پیریادی)، دانیشتوە، نەریمان کاتێک پۆلی دوەمی سەرەتایی بوە، دوچاری چاوئێشەببو، یاریدەدەرێکی پزیشکی ئافرەتی جولەکە بەناوی (رەحمە رەحمانی)، پێشنیار بۆ باوکی دەکات، ڕەوانەی بەغدادی بکات بۆ نەخۆشخانەی (میر ئەلیاس)، هاوکات باسی هەڵسوکەوتەکانیشیان دەکات، کە خۆیان پاراستوە لە ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ خێزانە موسڵمانەکان و ڕێگەیان نەداوە بە هاوسەرگیری کردن لە نێوان جولەکە و موسڵمانەکان، بەڵام تیشکی خستۆتەسەر ئەوەی لە شاری کفری پێکهاتەی مەسیحی بونیان نەبوە (نەریمان، ١٩٩٤: ٢٦، ٣١، ٣٢، ٤٣، ١١٠، ١٢٦).

شایەنی باسە بیرەوەرییەکەی لە سەردەمی دەسەلاتی پارتی بەعسدا نوسیوە، بیرەوەری زیندانیکردنی خۆی، لەلایەن (حرس قومی)یەکانەوە گیرابو، لە ساڵی ١٩٦٣دا، دەگێڕێتەوە و دواتریش باس لە ڕەوتی

ڕوداوەكانی ساڵانی حەفتاكان دەكات، كاتێك ڕێكەوتن لە نێوان حزبی بەعس و شیوعییەكان، لە ١٧ی تەموزی ١٩٧٣كراو ناكۆكی لە نێوان شیوعی و پارتی لە كوردستاندا هاتە ئاراو، پاشان بۆ گەنگەشەكردنی پرۆژەكەیان، هێزەكان بە پارتی دیموكراتیشەوە ناردییان بە شوێن كەسە سەربەخۆكان بۆ تاوتوێكردنی پرۆژەكانییان لەبارەی ئۆتۆنۆمی، ناوبراو ڕەخنە دەگرێت و بۆچونی وایە، هێزەكان حەزیان بە بیروڕای كەسە سەربەخۆكان نییە (نەریمان، ١٩٩٤: ٢٢٣، ٢٢٤)، ناوبراو خۆی بواردوە لە باسكردن لە پەرەسەندنی سیاسی كێشەی كورد لە هەشتاكان و سەرەتایی نەوەتەكانیش، بیرەوەرییەكانیشی تا ساڵی ١٩٩٣هێناوە (نەریمان، ١٩٩٤: ٢٦٠). بایەخی مێژویی بیرەوەریەكەی نەریمان لەوەدا خۆی دەدۆزێتەوە، كاری كردوە لەسەر دەرخستنی زۆرێك لە لایەنەكانی ژیانی لە شارەكەی، كە كفرییە و بەهۆی ئەوەی بەشێكی ژیانی لە شاری كەركوكیش بەسەر بردوە، بۆیەشە زۆر دیاردە و ڕوداوی مێژویی ئەو سەردەمەی خۆی تیادا ژیاوە باسی لێوەكردونە بەتایبەتی ساڵانی سییەكان تاوەكو ساڵی 1967 نیشتەجێ دەبێت لە شاری بەغداد، زیاتر لە باری ڕۆشنبیری هەوڵەكانی خۆی خستۆتەگەر و بەشێكی زۆری ژیانی لەناو بواری ڕاگەیاندن و نوسین، بەتایبەتیش جوڵەی ڕۆشنبیری لە شاری بەغدادیش دوای ساڵی ١٩٦٧، دەتواندرێت وەک سەرچاوەیەكی گرنگ لێی بڕواندرێت.

(ئاوەها دەرگام كردەوە)، یاداشتی٣٠ساڵ لە ڕۆژنامەنوسی كوردیدا (١٩٦١ – ١٩٩١)، عەبدوڵا عباس[٥]، بە یەكێك لە ڕۆژنامەنوس و ڕاگەیاندكارە دیارەكانی كوردی نیشتەجێبوی شاری بەغداد هەژمار دەكرێت، ناوەڕۆكی یاداشتەكەی وەک لە ناونیشانەكەی دیارە، زیاتر بایەخدانیەتی بە بواری ڕۆژنامەنوسی، سەرگوزشتەی خانەوادەی خۆی باسكردوە لە سلێمانی، پاشان لە كۆتایی ساڵی ١٩٦٣دا ڕویكردۆتە شاری بەغداد و چوەتە نێو دونیای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی، كۆسپ و ڕێگرییەكانی ئەم بوارەی ئاماژە پێداوە بەتایبەتی لە جێكردنەوەی خۆی بۆ كاركردن لەو بوارە، بە ئاشكرا گوزارشتی لە بۆچونەكانی خۆی نەكردوە، بۆ نمونە بە ڕەمز باسی لە بارودۆخی سیاسی كردوە، بەتایبەتی دەستەواژەی ڕوكردنە (چیای) بەكارهێناوە، مەبەستی چونیەتی بۆ ناوچە ئازادكراوەكانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی كوردی لە ساڵانی ١٩٧٤ – ١٩٧٥، لەو كاتدا بزوتنەوەی كوردی دوچاری لاوازی و پەرتەوازەیی هاتبو، ژمارەیەک ڕۆشنبیری كوردیش لە بەغدادەوە هاتنەوە ناوچە جیاوازەكانی كوردستان، باسێكیتری نێو یاداشتەكانی سەربردەی خۆیەتی لەگەڵ ئەو كەسانەی كاری ڕۆژنامەوانی لەگەڵدا كردونە، هەندێكیشی بە خوێنەران ناساندوە، لەوانەش: جەلالی میرزا كەریم، حسین عارف، حلمی عەلی شەریف، محەمەدی مەلا كەریم، غەفوری میرزا كەریم، ئیسماعیل ڕەسول، ئەحلام مەنسور، لەتیف هەڵمەت، هێرش محەمەد ئەمین، سەر گوڵ تەیمور، محەمەد ساڵح عەبدولكەریم بەرزنجی، محەمەد زەهاوی و چەندانیتریش، ئاشنایەتی لەگەڵ كەسایەتییەكانی وەک مەحمود

دەرویش، کەمال مەزهەر، مارف خەزنەدار، عبدولا حەسەن زادە، عزەدین مستەفا ڕەسول، هەبوە و گۆشەیەکی یاداشتەکانی بۆ تەرخانکردونە و زیاتریش ماوەی کارکردنی خۆی لەگەڵ هەندێکیاندا و پەندوەرگرتن لە ئەزمونیان و بەشی زۆری باسکردنی خاڵە ئەرێنییەکانی ئەم کەسایەتییانەیە، کە ناومانبردن، شایەنی باسە خۆی دورەپەرێز کردوە لە تاوتوێکردنی پرسە سیاسییەکان، ئەوەش لەوانەیە ئاسایی بوبێت، چونکە ناوبراو لە سەروبەندی نوسینەوەی بیرەوەرییەکانی لە دەزگای ڕاگەیاندنی دەوڵەت بەرپرسیارێتی هەمەجۆری هەبوە (عەباس، ٢٠٠١). لە خاڵە جیاکەرەوەکانی ئەم یاداشتە ئەوەیە، پرسی ئافرەتانی بە هەند وەرگرتوەو هەربۆیەش، لە لاپەرە ٣٦٧ تا ٣٧٦، بابەتێکی لەژێر ناوی (ئافرەت... مرۆڤ... خۆشەویستی)، خستۆتەڕو، ئافرەتی کۆمەڵگەی کوردی بە کۆمەڵگەی سەرمایەداری بەراورد کردوە دەڵێت "ئافرەت لە ڕۆژ ئاوادا (ڕۆحیانەتی ئینسانییان) تیادا مراندوە"، هاوتەریب باس لە کۆمەڵگەی کوردیش دەکات، کە دیاردەی دوڕویی پیاوان، ئافرەتان دەچەوسێننەوە، واتە ئەوەی بانگەشە بۆ مافی ئافرەت دەکات و بەلام لە ماڵی خۆیدا جێبەجێی ناکات، سەرەڕای ئەوانەش باس لە ڕەنگدانەوی ئافرەتیش دەکات لە شیعرەکانیدا و دانیش بەوە دادەنێت زیاتر لە ئافرەتێک لە دەرگای دڵی داون، ئەو خۆشەیستی بە شتە هەرە پیرۆزەکان لە قەڵەم ئەدات (عەباس، ٢٠٠١:  ٣٦٧ – ٣٧٦).

بایەخی مێژویی یاداشتەکانی عەبدولا عەباس، لەوەدا خۆی دەدۆزێتەوە، کە جیا لەوەی نوسەر کارەئەکتەرێکی بواری ڕۆژنامەگەری کوردی لە ماوەی (١٩٦١ – ١٩٩١)، بوە، هاوتەریب بە وردی لەسەر جوڵەی ڕۆشنبیری کوردی، لە شاری بەغدادی ئەوکات وەستاوە، هەر بۆیەش دەکرێت، وەک سەرچاوەیەکی ڕەسەن بۆ ڕونکردنەوەی زۆر لایەنی ناڕونی مێژوی ڕۆشنبیریی بەتایبەتی بزاڤی ڕۆژنامەگەری لە شارەکە لێبیرواندرێت.

مەسعود محەمەد، یەکێکە لە نوسەرە دیارەکانی کورد، خاوەنی چەندین بەرهەمە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک ئەدەب، زمان و هزر، فەلسەفە و کۆمەڵناس، چەندین بەرپرسیارێتی لە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقدا هەبوە، سەربوردەی ژیانی خۆی لەژێر ناوی (گەشتی ژیانم) خستۆتەڕو، لە بەرایدا بە (١٤) ئەڵقە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٤بۆ ١٩٨٩، لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێی بڵاوکردۆتەوە (محەمەد، گۆڤار (ڕۆشنبیری نویێ)، ژ: ١٠٣–١٠٤، ١٩٨٤: ٧٠)، هەروەتر (٦) ئەڵقەشی لە ڕۆژنامەی ئاسۆ لە ساڵی١٩٩٠دا بڵاوکردۆتەوە (نەریمان، ١٩٩٤: ٥، ٦)، دواتریش لە هەندەران لەلایەن هەریەکە لە ئاسۆس شەفیق، وریا ماملێ، کاروان عارف، لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی نوسەر، گشت ئەلقەکانیان  کۆکردۆتەوە لە سوید چاپیان کردوە (بەرزنجەیی، پەیوەندی تەلەفۆنی، ١٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٢)، بابەتەکانی نێو یاداشتەکەی بە دوان لە بارەی بنەچەی خانەوادەی خۆی و هەر لە لەدایک بونییەوە لە ١٩١٩ تاوەکو ساڵی (١٩٩٠)ی

درێژەپێداوە، لە بەشەکانی بەراییدا لە بارەی بنەچەی خانەوادەکەی، کە جەلیزادەیە دواوە، لەوانەش کەسایەتی باوکی کاریگەری بێ ئەندازەی بەسەرەوە هەبوە (محەمەد، ١٩٩٢: ٥ – ٢٩)، بە قوڵی لەسەر باری سیاسی و کۆمەڵایەتی شاری کۆیە و ڕانیە وەستاوە و زانیاری زۆری لەم لایەنەوە بۆ تۆمارکردوین بەتایبەتی لەسەر هۆز، کەسایەتییە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان، پردی پەیوەندی مەسعود محەمەد بە شاری بەغداد، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤١، کاتێک لە کۆلێژی ماف وەرگیراوە و لە ١٩٤٥دا تەواویکردوە، دواتریش وەک دادوەر ساڵی١٩٥٢ لە سلێمانی دامەزراوە، پاشان ساڵی ١٩٦٥ لەگەڵ خانەوادەکەی ڕویان لە بەغداد کردوە، مێژویی سیاسی خۆی تێکەڵ دەبێت بە سەنتەری دەسەلاتی حکومەتەکانی عێراقی، ئەویش لە ڕێگەی بونی بە ئەندام لە ئەنجومەنی نوێنەران لە خولەکانی ساڵانی ١٩٥٣ و ١٩٥٤، وەک نوێنەرێکی ناڕازی بەهێز لێی ڕواندراوە، بە دیاریکراوی لە دانیشتنێکدا لەسەر بابەتی کشتوکاڵی توتن و لێدوانەکەی دەچوە خانەی بەرگرییەکی سەخت لە چینی جوتیاران، ئەوەش بوە مایەیی دەست خۆشی ئەندامە ناڕازیەکانی ئەنجومەنەکە و هێزی ناڕازیی لە دەرەوەی ئەنجومەن گوتییان" كسبنا نائب معارض قوي" ئەندامێکی ناڕازی بەهێزمان دەستەبەرکرد (محەمەد، ١٩٩٢: ٢٩٧). لە دوای شۆڕشی ١٤تەموزی ١٩٥٨، بو بە ئەندامی لیژنەی چاکسازی کشتوکاڵ، بونی بە وەزیر لە ١٩٦٥ و دواتریش ئەندامی ئەنجومەنی گشتی ڕاژە، چالاکییەکانی خۆی لە دامەزراوەکانی میری و لەگەڵ ئەو پێشهاتانەی پێیانەوە گرێدرابون ڕونکردونەتەوە، ئەوەش بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم یاداشتە دادەندرێت، کە تەنها قۆناغە مێژویەکانی ئەو ڕوداوانەی باس نەکردونە بەڵکو وردەکاری هەندێک لەو باسانەشی نیشانداوە، بۆ نمونە هەوڵی مەسعود محەمەد لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان خاوەن زەوی و سەرۆک هۆزەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقی، کە بە هۆکارێکی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول دادەندرێت، لە ساڵی ١٩٦١، داواکاری لە وەزیری کشتوکاڵ کردبو بۆ ماوەی ساڵێک چاکسازی کشتوکاڵی لە ناوچە شاخاویەکان ڕابگیرێت، چونکە دەڵێت "دەم زانی ئەو سەرۆک موڵکانە بەئاسانی ناسەلمێنن چی موڵکی هەیانە ببێتە موڵکی دەوڵەت و سەرۆکەکانیش لە مەزنایەتی دابەزن بۆ لەبرسا مردن"، سەرەڕای ئەمانەش دیدەنی ڕوبەڕوی لەگەڵ کاربەدەستە باڵاکانی عێراق هەبوە و گوێ لەسەرنجەکانی گیراوە، کێشەی نێوان مستەفا بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی لەو باسانەیە، هەڵوەستەی لەسەر کردوە، مەیلی بەلای باڵی مەکتەبی سیاسی نەبوە، بەڵکو لەگەڵ بەرەی مستەفا بارزانیدابوە، کە مەسعود محەمەد نەی توانییوە ناوی بەرێت بەڵکو وەک (سەرۆکی هێزە چەکدارەکان)ی، ناساندوە، باڵی مەکتەبی سیاسی پێیان وابوە، مەسعود محەمەد بە دوای پلەو پۆستەوە بوە، لەم چوارچێوەیەدا مەسعود محەمەد ئەوەشی باسکردوە هەندێک لە ئەندامانی مەکتەب سیاسی خوێن گەرم شەڕ دەکەن، تەنانەت ناکۆکییەکانی هەردولا سەری کێشا بۆ سەرهەڵدانی چەک هەڵگرتن بە دژی یەکتری (١٩٩٢:

٤٥٠ – ٤٥٨) و ناوبراو فەرامۆشی بواری ڕۆشنبیریشی نەکردوە، لە دوان لە بارەی کۆڕی زانیاری کورد، ڕۆژنامەکان، هەندێک لە بەرهەمەکانی، بواری شانۆ جێگەی بایەخ بوە لەلای، لە کاتی هاتنی لافاوەکەی ساڵی ١٩٥٧، لە سلێمانی تیپی شانۆی مەولەوی هاتونەتە کۆیە، بەمەبەستی کۆکردنەوەی هاوکاری و پیتاک، لە قوتابخانەی ئامادەیی کوڕان شانۆیەکییان پێشکەشکردوە، تیپی باواجی شاری کۆیەش بەشداربون لە هەندێک چالاکییدا، هەریەکە لە مامۆستایان ساڵح دیلان، قادر دیلان و ڕەشۆلی شاعیرش بەشداربون، لە لایەن مەسعود محەمەدەوە مۆڵەت بۆ ئەم چالاکییە وەرگیرابو، بەهۆی ناسراویێتی و پێگەکەی لای کاربەدەستانی میری، بۆیەش یاریدەدەری پۆلیسی کۆیە، ڕوی لە مەسعود محەمەد ناوە، بۆ شەوی دوەمی ئاهەنگەکان گۆرانییەکان بگۆڕدرێن، چونکە هی شەوانی پێشوتر پڕبون لە هەستی بەرەنگاری، لەترسی کاریگەری دانان لەسەر جەماوەری بەشداربو (محەمەد، ١٩٩٢: ٣٥١، ٣٥٢). لێرەدا ئەم چالاکییە نیشاندەری ئەوەیە، کۆمەڵگەی کوردی لە ناوچە جیاوازەکاندا، هاوخەم و هاوکاری یەکتریبونە لە ڕوداوە نەخوازراوەکاندا.

گۆشەیەکیتری ئەم یاداشتە بریتییە لە گەشتەکانی بۆ وڵاتانی (میسر١٩٦٤ سوریا لوبنان ١٩٧١ – ئوردەن ١٩٧٨)، چەندین زانیاری لە بارەی ئەم گەشتانەی خستۆتەڕو، لە بارەی زمانی نوسینی ئەم یاداشتە، زۆر دەوڵەمەندە بە وشەی پەتی و زۆر پەندی کوردی واتا داری هێناوتەوە، ناوبراو لە هەندێک شوێندا دەستەواژەی (سەرۆکی هێزە چەکدارەکان)ی وەک ڕەمزێک و ئاماژەیە بۆ مستەفا بارزانی (١٩٠٣ – ١٩٧٩)، بەکارهێناوە (محەمەد، ١٩٩٢: ٤٥٠)، چونکە بەگوتەی مەسعود محەمەد ناوهێنانی کەسایەتییە سیاسییە دیارەکانی کورد لەوکاتدا ڕێپێدراو نەبوە (١٩٩٦: ٧٣)، بە گشتی باسی سیاسی کوردی لە نێو دوتوێی ئەم یاداشتەدا، لەوانەش ڕێکەوتننامەی جەزائیری ١٩٧٥، جەنگی عێراق – ئێران، پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران کردن، بەدیناکرێت. گرنگی ئەم یاداشتە لە ڕوی مێژوییەوە تیشکی خستۆتەسەر سێ ماوەی مێژویی گرنگ، کە پەیوەستن بەژیانی نوسەرەکەی، لە ماوەی یەکەمینیدا مێژوی خۆجێی، شاری کۆیەیە کە زێدی لە دایک بونییەتی، لەم بارەیەوە زانیاری دەگمەن و وردی لە بارەی لایەنەکانی ئەوکاتی ژیانی ناوچەکە و ڕوداوەکانی تایبەت بە ژیانی خانەوادەکەی و دەوروپشتی لەخۆگرتوە، هاوکات ڕوداوە سیاسییەکانی مێژویی هاوچەرخی عێراقی لە ساڵانی سییەکان و ماوەی جەنگی جیهانی دوەمی دەکرێت هەندێک ڕوداو وەک سەرچاوەی ڕەسەن پشتی پێ ببەسترێت، بەشی دوەمیان کارکردنی بوە، لە دامەزراوە میرییەکانی دەوڵەت و ژیانی سیاسی بەتایبەتی لە ماوەی ساڵانی پەنجاکان و شەستەکانەوە، بەشی سێیەمی ئەزمونی ژیانی تایبەتی خۆی لە بواری نوسین و کارکردنی لە کۆڕی زانیاری کوردی و گەشتەکانی خۆی خستۆتەڕو، ناوبراو

هەوڵیداوە بەگوێرەی ماوە مێژووییەکان و بەزنجیرە ژیاننامەی خۆی بگێڕێتەوە و ئەو باسانەی بەلایەوە بایەخداربوە هەڵوەستەی لەسەر کردون.

عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری (١٩٢٢ - 2016)[٦]، ماوەیەک لە شاری بەغداد، ئاکنجی بوە، هەڵساوە بە لە چاپدانی بەشی یەکەمی یاداشتەکانی، هەر بە ناوی (یاداشتەکانم) بە دوان لە بارەی بنەچەی خۆی و هۆزەکەی دەستپێدەکات و ڕەوتی ڕوداوەکانی تاوەکو ساڵی ١٩٦١ی هێناوە، لە یاداشتەکەیدا بە پلەی یەکەم پشتی بەستوە بە یادگەی خۆی و گێڕانەوەی کەسە نزیکەکانی وەک باوک و باپیری، باس لە هێرشی عوسمانییەکان بۆ سەر ناوچەی پشدەر دەکات لە نێوان ١٨٧٥ - ١٨٨٥، لە تۆڵەی کوژرانی فەرماندەیەکی سەربازی عوسمانییەکان بەناوی (حوسنی بەگ)، بەدەستی (حاجی حەسەنە خڕە)ی پشدەری، ئاماژەی بەوەکردوە، لە باپیری خۆی گوێبیستبوە، ئەگەر لەشکری مەنگوڕ لە ئێرانەوە ناهاتبانە خوار و پشتیان لێبگرن بۆ یارمەتیدانی تورک، ئەوا هێزی پشدەرییەکان سەرکەوتو دەبون، لە گێڕانەوەی باوکیشیدا، لە ڕوبەڕوبونەوەیان لەگەڵ ڕوسیای قەیسەری لە ساڵی ١٩١٦ دەڵێت "باوکم حاجی ئەحمەد ئاغا، خۆی بەشداری ئەم شەڕانە بوە بۆی باسکردم ئێمە لە لەشکری پشدەر، زۆر هیلاک و ماندو بوین و خەڵکانی دێهاتەکان هەموی ڕایکردبو لە ترسی سوپای ڕوس، کەوا وەک گورگی هار پەلاماری خەڵکییان ئەداو لە ناویان ئەبردن" (پشدەری، ب١، ١٩٩٢: ١٩ - ٢٥)، خاڵێکیتری بایەخ پێدەری ئەم یاداشتە دەوەستێتە سەر پێکهاتەی خێڵەکانی ناوچەی پشدەر، باسی بنەچەی هەردو هۆزی پشدەر و میراودەلییەکان دەکات، لەگەڵ تیرەکانییان و شێوازی بەڕێوەبردنییان، کە بەپێی ئەنجومەنی (ماقوڵان)، هەڵبژاردنیان بۆ ئەندامەکانییان کردوە و بەراوردی کردوە بە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا، ئەم ئەنجومەنەش درێژەیی کێشاوە تاوەکو ساڵی ١٩٣٥ (پشدەری، ١٩٩٢: ٩ - ١٩)، تیشکیشی خستۆتە سەر شەڕی پشدەرییەکان لەگەڵ هەریەکە لە ئینگلیزەکان، حکومەتی پادشایی عێراق و دەوڵەتی ئێران لە سەردەمی ڕەزا شای پەهلەوی، هەڵوێستی پشدەرییەکان بەرانبەر بزوتنەوە نەتەوەییەکانی کورد، لەوانەش جوڵانەوەکانی ئیسماعیل ئاغای شکاک و شێخ مەحمود، ئاماژەشی بە هەوڵەکانی حکومەتی عێراقی داوە لە دامەزراندنی پێکهاتەی بەڕێوەبەرایەتی لە پشدەر ساڵی ١٩٣٧ لە ماوەی سەرۆک وەزیران جەمیل مەدفەعی (١٨٩٠– ١٩٥٨) (پشدەری، ١٩٩٢: ٢٥، ٣٩). لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت زیاتر بە لای ستایشکردن و سەروەرییەکانی ئەم هۆزانەدا ڕۆیشتوە، بەتایبەتی پشدەرییەکان، تەنها لەوێستگەیێکدا ڕوی ڕەخنەی ئاراستەی چەند کەسایەتییەکی هۆزی میراودەلییەکان کردوە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم یاداشتە ئەوەیە، پێشهاتەکانی دەرەوەی باشوری کوردستان، بە دیاریکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرترین پانتایی لەنێو دوتوێی ئەم یاداشتە لەخۆ گرتوە، بە جۆرێک لە لاپەڕە ٣٣ تاوەکو ١١٧ی گرتۆتەوە. بەو پێودانگەی خۆی ئامادەگی هەبوە لە کۆماری مهابادەوە، لە ڕێکەوتی

٢٠ی مایسی ١٩٤٦، بەنهێنی چۆتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەبەرەی سەردەشت لای زێڕۆبەگی هەرکی، فەرماندەی گشتی بەرەی سەردەشت بوە، ئەوەش دەخاتەڕو ڕوداوەکانی ئەو کاتی لەشێوەی سەردێر یاداشت کردونە و پرسیاریشی لەو کەسانەی خۆی دیدەنی لەگەڵ کردونە وەک سەرچاوەیەک پشتی پێبەستونە (پشدەری، ١٩٩٢: ٣٩، ٤٢). هەر لە چوارچێوەی پەرەسەندنەکانی ڕۆژگاری کۆماری مهابادا، باس لە هاتنی بارزانییەکان بۆ مهاباد دەکات، دواتر باسی لە چۆنییەتی دامەزراندنی کۆمارەکە و وتوێژەکانی نێوان حکومەتی ڕوسیا و نوێنەرانی کورد لە باکۆی پایتەختی ئازەربایجان دەکات، لە ساڵی ١٩٤٢ و ساڵی ١٩٤٥ بۆ جاری دوەم نوێنەرانی کوردی بانگهێشت کران، ڕوسەکان ڕازی بون بە پێدانی خۆبەڕێوبەری – حکومی زاتی، بەمەرجی کەوتنە ژێر دەسەڵات و چاودێری (فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانی) دابێت، بەڵام کوردەکان بەوە ڕازی نەبون و لە ٢٢ی کانونی دوەمی ١٩٤٦، کۆماری مهابادیان ڕاگەیاند (پشدەری، ١٩٩٢: ٢٥، ٥٤)، باری ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و سەربازی کۆماری خستۆتە بەرباس، خاڵێکی جیاوازی ئەم یاداشتە هەڵسەنگاندنی بۆ ڕۆڵی قازی محەمەد (١٨٩٣ – ١٩٤٧) کردوە، لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەم کەسایەتییەی لە (١٦) خاڵدا خستۆتەڕو، دەربارەی کەسایەتی قازی و ڕۆڵی لە کۆماری مهابادا، بە چەردەیەک لە ژیانی تایبەتیی و کۆمەڵایەتی و پێوەندیکردنی بە پارتی دیموکراتی کوردستان، لەپاڵیشیدا شۆڕشی ١٤تەموزی ١٩٥٨ و ڕۆڵی حزبی شیوعی لە سەر شانۆی سیاسی لە باشوری کوردستان و جوڵانەوەی هۆزەکانی پشدەر، منگور، خۆشناوەتی و جافایەتی بەدژی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم کۆتایی بەم یاداشتەی خۆی هێناوە (پشدەری، ١٩٩٢: ٥٥ – ١٤٢). لە ڕوی مێژوییەوە یاداشتەکانی لە سێ وێستگەدا گرنگییەکەیان بەرچاو دەکەوێت، یەکەمینیان وێنەیەکی تارادەیەک فرە لایەنی ژیانی پشدەریەکانی خستۆتەڕو، بەتایبەتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی هۆزەکانی ناوچەکە و هەندێک دابونەریتیان، دواتر پرژاوەتە سەر بەرەنگارییەکانیان دژ بە دەسەڵاتی هەریەک لە عوسمانی، بەریتانی، دواتر دەوڵەتی عێراقیش، دوەمییان ڕوداو و پەرەسەندنەکانی ڕۆژگاری دروستبونی کۆماری کوردستانی لە شاری مهاباد باسکردوە، بایەخی زانیاریەکانی لەوەدا دەردەکەون، کە شایەدێکی زیندوی ڕوداوەکان بوە و لە هەندێکیشان بەشداربوە، سێیەمیان ڕەوتی ڕوداوەکانی ساڵانی کۆتایی چلەکان و تا ساڵی ١٩٦١، بەتایبەتی سەرهەڵدانی خاوەندارێتی لەسەر کێشەی زەوی و زار لە ناوچەی پشدەر لە نێوان جوتیار و دەرەبەگ و حکومەت و هەوڵەکانی ئەم لایەنانەی ناومانبردن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە.

لە ماوەی حوکمڕانی پادشایەتی لە عێراقدا، چەند کەسایەتییەکی کوردی، یاداشت و بیرەوەرییەکانی خۆیان نوسیوەتەوە، بابەتی سەرەکی یاداشتەکانییان خولانەوەیە بە دەوری ڕوداو پەرەسەندنەکانی ڕۆژگاری پادشایەتی، لەوانەش ڕەفیق حیلمی، یاداشتی خۆی لە شەش بەرگدا لەژێر ناوی کوردستانی عێراق

و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود نوسیوە، لە نێوان ١٩٥٦ – ١٩٥٨بڵاوکراونەتەوە، بەڵام ساڵی ١٩٩٢، پاکیزەی کچی هەر شەش بەرگەکەی لەگەڵ ئەو بەشەی تایبەتە بە گەشتی حیلمی بۆ ئەنقەرە بۆ یاداشتەکانی زیادکردوە، لە سێ بەرگدا بەچاپ گەیاندن، بەرگی یەکەم و دوەمی لە ساڵی ١٩٨٨ و بەرگی سێیەمی ساڵی ١٩٩٢دا بڵاوکردۆتەوە، زانیارییەکانی بەرگی سێیەم تا لاپەڕە ٥٩، دوبارەبونەوەی زانیاری بەرگەکانی (٥ – ٦)ە، بەشێوەی کورتکراوە (صابر، ٢٠٠٧: ٢٠٠)، شێخ مەحمود، ڕەفیق حلمی وەک ئەندامێکی ئەو شاندە دیاری دەکات بۆ ئەوەی سەردانی تورکیا بکەن، ٢٢ی شوباتی ١٩٢٢حیلمی، لەگەڵ هەریەکە لە فەتاح ئەفەندی (فەتاحی ئەمینی عەتار) و ئەحمەد تەقی، فەوزی بەگ یوزباشی، ڕەمزی بەگ، دەست دەکەن بە گەشتەکەیان بەرایی بەرەو ڕەواندز پاشان بۆ ناوچە سنورییەکانی نێوان ئێران و تورکیا، دواتر دەچنە نێو خاکی تورکیا، هەربۆیەشە ئەم گەشتە دەبێتە بابەتێکی سەرەکی نێو ئەم بەرگەی یاداشتەکانی، کە تۆمارکردنی چەندین زانیاری بەپێز بەو شوێنانەی پێایاندا ڕەت بوەو هەروەتر لە گەڕانەوەکەشی بە هەمان چەشن (حلمی، ١٩٩٢: ٦٦ – ١٧٤). تێکەڵکێشکردنی زانیاری لەبارەی مێژوی کۆن و نوێ، لە گەشتەکەیدا بەو شارانەی تێپەڕیوە کورتەیەک زانیاری مێژویی و جوگرافیایی شارەکەی خستۆتەڕو (حلمی، ١٩٩٢: ١١٣، ١١٤، ١٥٥، ١٥٦)، یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی ئەم یاداشتە بریتیبوە، لە خستنەڕوی ململانێی نێوان ئینگلیز و تورکەکان لەسەر ڕاکێشانی لاینگری شێخ مەحمود و پەرەسەندنە سیاسییەکانی ئەوکاتی بەتایبەتی لەسەر کێشەی ویلایەتی موسڵ، دیداری خۆی لەگەڵ سەرۆک وەزیران حسین ڕەئوف بەگ، لە پاڵیشیدا نەی ویستوە دیداری خۆی لەگەڵ مستەفا کەمال (١٨٨١ – ١٩٣٨)، ئەنجامبدات و خۆشی دەڵێت: " شتێکی کەم نەبو لە ژیانی فەردێکا ئەم جورە کاتانە کەم هەڵ ئەکەوێ و لاپەرەیەکی مێژویی داگیر ئەکا"، بۆیە نەخۆشکەوتنی دەکاتە بیانو بۆ ئەنجام نەدانی دیدارەکەی، حیلمی درکی بە گرنگی تۆمارکردنی ڕوداوەکان کردوە، هەر بۆیەشە لە گەشتەکەیدا لە هەندێک وێستگەدا بەرواری ڕۆژانەشی تۆمارکردوە (حلمی، ١٩٩٢: ١١٦ – ١٣٩). یەکێکیتر لە بایەخدانەکانی ناوبراو جیاواز لە بەشێک لە یاداشتنوسانیتر لە نوسینەوەی ئەم یاداشتەیدا پەنای بۆ سەرچاوە بردوە، تیایدا کتێب، ڕۆژنامە و نامەی وەک سەرچاوە لە دوتوێی ئەم یاداشتە بەکارهێناوە (حلمی، ١٩٩٢: ٣٥، ٤٤، ٤٧، ٧١، ١٣٣، ١٧٢). بایەخ و گرنگی ئەم یاداشتە لە مێژویی هاوچەرخی کوردیدا ئەوە بەدەر دەخات، بە مەبەستی دڵنیابونەوە، لە بەڵێنی دەسەڵاتدارانی تورک، بەتایبەتی کە ئاڵوگۆڕی بیروڕا هەبوە لە نێوان شێخ مەحمود و ئۆزدەمیر پاشا (عەلی شەفیق)، سەر لەشکری هێزی تورک لە شاری ڕەواندز، ڕەفیق حیلمی وەک شاندێکی دانوستانکار ڕەوانەی تورکیا دەکرێت، بۆ دڵنیابونەوە لە بەڵێنینی تورکەکان لەپێناو دەستەبەرکردنی مافی کورد، بەتایبەتی شێخ مەحمود بێهیوا ببو لە بەڵێنەکانی بەریتانییەکان، هاودەم تورکەکان بە چڕی تێدەکۆشان بۆ ئەوەی ویلایەتی موسڵ بگەڕێننەوە بۆ ژێر ڕکێفی خۆیان، بۆیەشە دەنگۆی

ئەوەیان بڵاودەکردەوە تورک سەردەکەوێت، بە ڕێگەی گفتوگۆ ئەگەرنا ڕێگەی هێز بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر کوردەکان دابنێن، کە پاشەڕۆژ ئەم ناوچەیە دەکەوێتەوە ژێر دەستییان و کوردیش بە مافەکانی خۆیان دەگەن، بۆیەشە ئەم یاداشتە گۆشەیەکی گرنگی لە پێشهاتەکانی ئەو دەمی بۆ گواستینەتەوە، سەربارى ناساندنی دۆخی ژیاری چەند شارێکی کوردنشین و تورکنشین، لەگەڵ باسکردنی چەند کەسایەتییەکی کوردی، کە لە نێو لەشکری عوسمانی پلەداربونە بە کورتی تیشکیان خراوەتەسەر.

یەکێک لە کەسە سەربازی و سیاسییە دیارەکانی کورد نزیک لە فەرمانڕەوایانی پادشایی بیرەوەرییەکانی نوسیوەتەوە، لیوای خانەنشین فواد عارفە (١٩١٣ – ٢٠١٠)، لە سەرەتادا بیرەوەرییەکانی لەلایەن هەریەکە لە عەبدولستار تاهیر شەریف و بەدرخان سندی لە شێوەی چاوپێکەوتن پرسیار و وەڵام تۆمارکراون، لە نێوان (١٩٩١ – ١٩٩٢)ی لە ڕۆژنامەی هاوکاری (٣٥) ئەڵقەیان لێ بڵاوکردۆتەوە، پاشان شوکر مستەفا هەڵساوە بە پوختکردنەوەی و سەرپەرشتی چاپکردنی، لە پاڵیشیدا کەمال مەزهەر پێشەکی و پەراوێزی بۆ نوسیوە، یاداشتەکانی وەکو زۆرینەی بیرەوەرینوسان بە سەردەمی منداڵی خۆی و هاتنی خانەوادەکەی بۆ بەغداد لە ئازاری ١٩١٧ دەست پێکردوە، هاوتەریب لەگەڵ ژیانی منداڵی و ڕوداوەکانی جوڵانەوەی شێخ مەحمود و هێرشی ئینگلیزەکان بۆ سەر شاری سلێمانی خاڵی دەستپێکی خستنەڕوی بیرەوەرییەکانییەتی، جیا لەوەی لە خزمەتی دەوڵەتی عێراق کاری کردوە، بەڵام لە باسکردنی کێشەی کوردی خۆی کەنارگیرنەکردوە (عارف، ج١، ١٩٩٩: ٦ – ٣٩)، ماوەی خوێندنی سەربازی خاڵێکی وەرچەرخانە لەژیانیدا، کە شا غازی کوڕی فەیسەڵ (١٩١٢ – ١٩٣٩)، پادشای عێراق ئەبێتە هاوپۆلی (عارف، ج١، ١٩٩٩: ٣٩ – ٥١)، دواتریش بونی بە پاسەوانی شا غازی و ئاوێزان بونی لەگەڵ پێگەی فەرمانڕەوایەتی وای کردوە، ڕاستەوخۆ لە چەندین پێشهات و ڕوداودا زانیاری ورد بخاتەڕو، بەهۆی پێگەکەیەوە دیدەنی کەسایەتییە گرنگەکانی کردوە لە نەتەوە جیاوازەکانی عەرەب و کورد، باسەکانی خۆی وابەستەکردوە بە جوڵە و هەنگاوەکانی، باسکردنی ئەرێنی شا غازی باڵی کێشاوە بەسەر یاداشتەکەیدا (عارف، ج١، ١٩٩٩: ٦٣ – ١٤١). دەتوانین بڵێین لە نێوان ساڵانی ١٩٤١ەکەوە تاوەکو ١٩٦٧، چەندین پێگەی گرنگی لە بەرپرسیارێتی هەبوە، لەوانەش موتەسەریفی کەربەلا ١٨تەموزی ١٩٥٨، وەزیری ئەوقاف، وەزیری کشتوکاڵ، لە سەردەمی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم (١٩٥٨ – ١٩٦٣)، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئەوقاف لە ماوەی حوکمڕانی عبدولسەلام عارف (١٩٦٣ – ١٩٦٦)، کێشەی نێوان کورد و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ڕۆژگاری کۆماری، بایەخی زیاتری پێداوە بەراورد بە حوکمی پادشایەتی، تەنانەت دەست لەکارکێشانەوەشی لە ساڵی ١٩٦١دا، پێوەندی بە بێباکی و ڕاڕایی حکومەت هەبو دەرهەق بە کورد (عارف، ج١، ١٩٩٩: ١٤١ – ٣١٤). یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم یاداشتە ئەوەیە، نوسەر بەوپێیەی لە ناوەندی بڕیاردان زۆر نزیکبوە و هەر

بۆیەشە بیرەوەرییەکەی بەتایبەتی، کاتێک ماوەی ڕۆژگاری پادشایەتیمان بۆ دەگوازێتەوە و لەنێوانیاندا کودەتایی بەکر سدقی (١٨٩٠ – ١٩٣٧)، بیرەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ بەکر سدقی سوپا سالاری عێراق باس کردوە، لەو کاتەی بۆتە پاسەوانی تایبەتی شا غازی، ئامۆژگاری عارف دەکات لەو ڕووەوە، دەڵێت "بەکر کەسێکی دەست بڵاوبوە، بەڵام بە ڕەوشت جوانیشی وێناکردوە"و خزمەتی بە قوتابییان کردوە، بەتایبەتی کاتێک سەردانی گوندی عەسکەری کردوە بڕیار دەدات بە بەخشینی جل وبەرگ بە قوتابییانی گوندەکە، لەلایەکیترەوە تیشکی خستۆتە سەر پێوەندییەکانی شا غازی لەگەڵ بەریتانیا، لەمەشدا هاوڕای بەکر سدقی بوە، کە سدقی بۆچون و ویستی نزیکبونەوەی هەبو لە وڵاتانی تەوەرە بەتایبەتی ئەڵمانیا، بەهەمان پێودانگ شا غازیش ڕقی لە بەریتانییەکان بوە و ئارەزوی ئەوەی هەبوە، وڵات لە ژێر هەژمونییان دور بخاتەوە (عارف، ١٩٩٩: ٨٣ – ١٢٥)، سەبارەت بە کوردەکانیش تێبینی ئەوە دەکەین، لە پێگەی بەرپرسیارێتی خۆی لە هەندێک لە ڕوداوەکاندا بەشداربوە وەک جوڵانەوەی خەلیل خۆشەوی، ئەوەی نیشانداوە بەشدارنەبوە لە هەڵمەتی کوشتنەکەی، فرمانی کردوە بە سەربازەکان هەڵوێستییان باشبێت، دەرهەقی دانیشتوانی ناوچەی و بلێ بارزان، هەروەتر باس لە چالاکی ڕۆشنبیری گۆڤاری گەلاوێژ لە ساڵی ١٩٣٩دەکات و تیشک دەخاتەسەر ئەوەی مۆرکێکی نەتەوایەتی لەخۆ گرتبو، وەک گردبونەوەی چەندین ڕۆشنبیر بە دەوری گۆڤارەکە، لە بارەی حزبی هیواشەوە ئاماژەی بەوەداوە، لە دەرئەنجامی کۆبونەوەی ژمارەیەک لە ئەفسەران و ڕۆشنبیران دروست بوە، هەروەها تیشک دەخاتە سەر ئەوەی لەگەڵ ئەفسەر (عیززەت عەبدولعەزیز) چوەتە نێو ڕیزەکانی ئەم حیزبەوە، ناکۆکی ناوخۆیی و هەوڵی بەریتانییەکان بونە هۆی لەیەک هەڵوەشاندنەوەی (عارف، ١٩٩٩: ١٢٧ – ١٣٩).

بیرەوەرییەکانی فواد عارف، زۆر وردەکاری وردمان لە بارەی ژیانی پادشاکانی عێراقی ڕۆژگاری پادشایەتی، بە دیاریکراوی شا غازی بۆی باسکردوین، بەو پێیەیی پاسەوانی تایبەتی و بڕواپێکراوی بنەماڵەی پادشایەتی بو، بەهۆی گرنگی پێگەکەی لە بواری سەربازی لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆماریش چەند ئەرکێکی جیاوازی وەرگرتوە، شایەنی باسە سەرباری ئەوەی لە سەردەمی پادشایەتی ئاوڕی لە پرسی کوردی نەداوەتەوە، بەڵام لە سەردەمی کۆماری ئەم بابەتەی بەهەند وەرگرتوە و تەنانەت سەرنج و ڕەخنەی ڕژدی لە حکومەت گرتوە لە هەمبەر هەڵوێستەکانی لەمەڕ پرسی کورد.

ئەحمەد موختار بابانیش، لە سیاسییە دیار و بەرچاوەکانی ماوەی پادشایەتی لە قەڵەم ئەدرێت، پێگەیەکی دیاری هەبوە لە بەشێکی ئەو کابینە و زاریانەی لە ساڵی١٩٤١ پێکهێنراون و تا لە کۆتایی شوباتی ١٩٥٨دا، دەبێتە دوا سەرۆک وەزیرانی عێراقی لە ڕۆژگاری پادشایەتی لەوکاتەی لە وڵاتی لوبنان بوە، زانکۆی ئەمریکی بە دەرفەتی زانیوە، چاوپێکەوتنی لەگەڵدا سازبکەن لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتایی

حەفتاکان، لەپاڵ ئەوەشدا بیرەوەرییەکانی لەلایەن مێژونوس عەبدول ڕەزاق حەسەنی، ڕاستکردنەوەی بۆکراوە، لە ساڵی ١٩٧٨ و ١٩٨٧، دواتریش کەمال مەزهەر ئەرکی ئامادەکردن و پەراوێزنوسینی، لە ئەستۆ گرتوە (بابان، ١٩٩٩: ٥ – ١٠)، بابەتی بەرایی بە ناساندنی خۆی و خانەوادەکەی و لە دایکبونی لە شاری بەغداد ساڵی١٩٠١، دەست پێکردوە، دواتر پرژاوەتە سەر قۆناغەکانی خوێندنی وەک دەرچویەکی کۆلێژی ماف لە ١٩٢٣دا، دواتر کاری دادوەری کردوە و لە کۆشکی شاهانەش وەک فەرمانبەر لە سەردەمی لاوێتی و لە حوزەیرانی ١٩٤٦ بۆتە سەرۆکی دیوان، پلەکەی هاوشانی وەزیر بوە، باسی هەژمونی بەریتانیا دەکات لە بواری دادگا و یاساکاندا، دواتریش هەوڵدانەکانی بۆ ڕزگاربون لە هەژمونیان لەو کاتەی وەزیری داد بوە، ساتی گوازرانەوەی بۆ دەرەوەی بواری دادگاکان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی١٩٤١، لەو کاتەی دەبێتە موتەسەڕیفی کەربەلا (بابان، ١٩٩٩: ١٣، ١٠)، سەرباری ئەوەی تێبینی دەکرێت، بیرەوەرییەکانی بە گشتی بە ئاراستەی بەرگریکردن و نیشاندانی ڕوی جوانی ماوەی فەرمانڕەوایەتی پادشایەتی بو، وەک لاینگرێکی ئەم دەسەڵاتە بە دیار دەکەوێت، بەڵام ئەوە ڕێگر نەبوە، لە ڕەخنەگرتنی لە هەندێک لە ڕەمزە دیارەکانی ئەم دەسەڵاتە لەوانەش نوری سەعید، دەرکردنی باڵوێزی ڕوسیا لەلایەن سەعیدەوە بە هەڵەیەکی بێ بیانو داناوە، لەگەڵ بانگهێشت کردنەوەی نوێنەری عێراق لە مۆسکۆ، چونکە ترسی لە پڕوپاگەندەی شیوعییەکان هەبو، هەروەها مەیلیشی لە پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی دیبلۆماسی لەگەڵ ڕوسیا نەبو، کەچی ئەوەی دوبارە دەکردەوە "پێویستە دۆستەکانمان زیاد بکەین و دوژمنەکانمان کەمبکەینەوە"، لە بابەت بڕیاری لە سێدارەدانی ئەفسەرانی جوڵانەوەی مایس ١٩٤١یش جەختی لە هەڵەی نوری سەعید کردۆتەوە لە ئەنجامدانی ئەم کارە (بابان، ١٩٩٩: ٥٧)، لە بارەی شا فەیسەڵی یەکەم، پێکهێنەرێکی گرنگی ئەم بیرەوەرییە، بەهۆی ئەوەی خۆی تیشک دەخاتە سەر ئەوەی لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، هەم قوتابی و هەمیش بەڕێوبەری دیوان بوە لە کۆشکی شاهانە، هەر بۆیەش ئاساییە پەیی بە ناسینی شا فەیسەڵ بردبێت، ئاماژە بەوەدەکات فەیسەڵ هەمو خەون و خولیایەکی بریتیبو، لە دانانی بناغەی دەوڵەتەکەی لەسەر بنەچەیەکی ڕاست و ڕەوان و کارکردن لەسەر بەرەوپێشبردنی، هەروەک وێستگەیەکی ژیانی باس لە بەراوردکاری دەکات لەگەڵ وڵاتی میسر، لێهاتویی فەیسەڵ بە دەردەخات لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەریتانییەکان، دەرئەنجامەکەی سەری کێشا بۆ ئەندام بون لە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٢دا بە چەند ساڵێک پێش میسریەکان، لە هەڵسەنگاندنی بۆ کەسایەتی فەیسەڵ کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی هەست و سۆز (بابان، ١٩٩٩: ٢٩ – ٣٧)، فەرامۆشی مەسەلە نەتەوەییەکانی کوردی لەنێو دوتوێی ئەم بیرەوەرییانەدا زۆر بەڕونی هەستی پێدەکرێت، تەنها ئەوە نەبێت باس لەوە دەکات چەند جارێک بەهۆی پێگە و ناوبانگی بنەماڵەکەی بابانییەکان، ڕۆڵی گێڕاوە لە دەستنیشانکردنی وەک وەزیر زیاتر لە جارێک، بەو

پێیەیی بنەماڵەکەیان لە ناوچەی باکور، کوردستان ناسراوبونە (بابان، ١٩٩٩: ١٥). لە خاڵە بایەخدەرەکانی ئەم بیرەوەرییە، ئەحمەد موختار بابان، نزیک و هەندێک کاتیش لە بڕیار بەدەستانی دەوڵەت بوە، وەک کارەکتەرێکی سیاسی ئامادەیی هەبوە، لە گفتوگۆکانی پەیمانی پۆرتسمۆس لەساڵی ١٩٤٨ و پەیمانی بەغدادی ١٩٥٥، هەروەک ناوبراو لەو کاتەی وەزیری دادیش بوە، عێراقی لە ژێر باری ڕێککەوتنامەی یاسایی بەریتانییەکان دەرهێنا (بابان، ١٩٩٩: ١٩، ٢٣)، بۆیەشە بە سەرنجدان لەم بیرەوەرییە زۆر لایەنی مێژویی هاوچەرخی عێراق چ لە سەردەمی داگیرکاری بەریتانییەکان، یاخود لە ماوەی دوای نەمانی هەژمونییان بۆمانی خستۆتەڕو، ئەوەش دەرگای لە بەردەم لێکۆڵەران والاکردوە بتوانن زۆر بابەتی گرنگ و هەستیار بخەنە ژێر باری سەرنج و تێبینییەکانی خۆیان، کەلێنێک لە کەلێنەکانی ئەم ماوە مێژوییە پڕبکەنەوە یاخود ئەم ماوەی مێژوییەی بابان لێی دواوە فراوان و دەوڵەمەندتری بکەن، بەتایبەتی ئەگەر بڕوانین بەهۆی پلەوپایەکەی لە دامەزراوەکانی میری لە نزیکەوە بەرکەوتەی لەگەڵ ڕوداوەکان هەبوە، وەک ئەندامی دانوستانکاری چەند ڕێکەوتنامەیەک ئامادەیی لە گفتوگۆکاندا هەبوە، لە کۆتاییەکانی ڕۆژگاری پادشایەتی وەک دوا سەرۆک وەزیران لە ١٩ی مایسی ١٩٥٨ دەستبەکاربوە، تۆمارکردنی هەندێک لە کەموکوڕییەکانی سەرانی دەوڵەت، بایەخی بیرەوەرییەکەی زیاتر کردوە، سەرباری ئەوەش مێژونوس کەمال مەزهەر، پەراوێزەیێکی دەوڵەمەندەی بۆ بیرەوەرییەکانی ناوبراو نوسیوە، هەر لە خستە ڕوی ژیانی کەسانی ناوهاتو و زیاتر ڕونکردنەوەی ئەو بابەتانەی، کە یادداشت نوس گوزەرێکی خێرایی بەسەریاندا کردوە، یان لە هەندێک باردا بازی بەسەریانداوە، جیا لەوەش لە کۆتا بەشی بیرەوەرییەکانی تێڕوانینی چەند کەسایەتییێکی ناودار عێراقی لەمەڕ کەسایەتی ئەحمەد موختار بابان و کاروچالاکییە سیاسییەکانی خستۆتەڕو، لەوانەش: مەسعود محەمەد، فواد عارف، دادوەر مەهدی عەلی سەلمان، عەبدولڕەحمان عەبدوڵا (بابان، ١٩٩٩: ٢٨١ – ٢٨٩).

یەکێکیتر لە بیرەوەری نوسانی ناوەندی بەغداد، بیرەوەرییەکانی خۆی نوسیوەتەوە عەلی کەماله (١٩٠٠ – ١٩٩٨)[٧]، لەسەر داواکاری جەمال بابان دەستی بەم کارە کردوە، کاتێک ساڵی ١٩٨٦، لە لەندەنەوە دەستنوسی یاداشتەکانی بۆ ناوبراو ناردوە، بابانیش دوبارە داڕشتنەوەی بۆ یاداشتەکەی کردوە و پەراوێزی بۆ داناوە، بیرەوەرییەکانی لەدو بەشدا خراوەتەڕو، بەشی یەکەمی لە ناساندنی خۆی و لەدایک بونی لە ساڵی 1900 تاوەکو ساڵی ١٩٥٨ هاتوە، بەڵام پێڕەوی لەمە نەکردوە هەندێک ڕوداوی داوای ١٩٥٨یش باسکردوە، لەوانە کارو چالاکی وجموجۆڵە سیاسی و کارە خێرخوازییەکانی خستۆتەڕو (عبدالرحمن، ٢٠٠١: ٩– ٥١). بەشی دوەمی بیرەوەرییەکانی تایبەت بەماوەی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ تاوەکو١٩٦٤، لەو بەشەدا باسی قوربانییەکانی ڕۆژەکانی بەرایی شۆڕشی 1958 کردوە، بابەتەکانی لەشێوەی زنجیرەی مێژوی بەدوای یەکداهاتو نەخستۆتەڕو، بەڵکو تێکەڵی لەباسەکانی بەدی دەکرێت، یەکێتی هاشمی و کورد

تەوەرەیەکی نێو ئەم بەشەیە، هەروەها گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە سۆڤییەت، گەشتکردنی بۆ دەرەوی وڵات، دەست بەسەرداگرتنی سەروەت و سامانەکانی، دەستگیرکردنی و لەکۆتایشدا باسی ناکۆکییەکانی نێوان باڵی مەکتەبی سیاسی و مستەفا بارزانی دەکات (عبدالرحمن، ٢٠٠١: ١١٠ – ١٤٦) لە زۆر جێگەدا، لە ناوهێنانی کەسەکاندا، تەنها یەک پیتی نوسیوە بە ئامانجی بە دیارنەکەوتنی ناوی کەسەکە، نمونەش لە کاتی دەست بەسەرداگرتنی سەروەت و سامانی لە ساڵی ١٩٥٨، ناوی کەسێک دەهێنێت بە پیتی (ص.ش)، کە هەواڵی ناوی ئەوی داوە بۆ ئەوەی دەست بەسەر موڵک و سامانی دابگیرێت، لە دانیشتنێکیشدا لەگەڵ ڕەفیق حیلمی لە یانەی سیروان، کەسێک لە تەک حیلمی دایە ناوەکەی بە (ع.ی)، هێناوەو پشتی لە کەمال بەگ کردوەو لە دوای دەرچونی کەمال، هەوڵی لێداوە بەوەی کەمال لاینگری نوری سەعیدبوە، دەربارەی ڕەخنەگرتنیش ڕوی ڕەخنەی ئاڕاستەی سەرانی دەسەڵاتی پادشایی کردوە لە نێوانیاندا نوری سەعید، داکۆکی کردوە لە کێشە نەتەوەییەکانی کورد لە سەردەمی فەرمانڕەوایی پادشایی، لە بەرانبەردا خۆی بواردوە لە ئاماژەدان، بە ماوەی حوکمڕانی پارتی بەعس، لە شەش بەشەکەیتر، بەدەر لە یاداشتەکانی، سەباحی کوڕی عەلی کەمال، تیشکی خستۆتە سەر کۆی پڕۆژە ڕۆشنبیرییە خێرخوازییەکانی باوکی، لەوانە خستنەڕوی ڕۆڵی لە پەرلەمانی عێراق، هەڵوێستە نەتەوەییەکانی، جیا لەوەش ئەوەی وتراوە لەسەر علی کەمال خراوەتەڕو (عبدالرحمن، ٢٠٠١: ١٤٦ – ٢٨٤). یەکێک لە بایەخەکانی ئەم بیرەوەرییە ماوەیەکی گرنگ لە مێژوی عێراقی ساڵانی سییەکانی خستۆتەڕو، بەتایبەتی لە کۆتایی هێنان بە یاخیبونی هۆزەکان لە ناوچەی سوق شیوخ – ناسریە، ئەوکات ئەرکی بەڕێوبەری پۆلیسی (البادیة)ی لە ناسرییە پێ سپێردرابو، خۆی بەشداری هەبوە لە ڕوبەڕوبونەوەکان و دواتریش کراوەتە قایمقامی سوق – شیوخ (عبدالرحمن، ٢٠٠١: ٢٧ – ٣١)، لە بارەی هەڵوێستەکانی بەرانبەر بەریتانییەکان و ئەمریکییەکان دەڵێت: "هیچ ئاماژەیەکی ئەرێنی نەبو لەلایان بەرانبەر گەلی کورد"، خۆشی لەگەڵ باڵوێزی بەریتانی کینهان کورنوالیس (Kinhan Cornwallis) (١٨٨٣ – ١٩٥٩)، و باڵوێزی ئەمریکی لۆی ویسلی هندرسۆن (Loy Wesly Henderson) (١٨٩٢ – ١٩٨٦)، ڕوبەڕویان بۆتەوە سەبارەت بە کێشەی کورد، بەڵام لە هەوڵەکانی شکستی هێناوە، پێشی وابو بەریتانیا لە هەردو جەنگی جیهانی یەکەم و دوەم زوڵمی لە کورد کردوە (عبدالرحمن، ٢٠٠١: ٤٠ – ٤٣)، هەروەها بە یەکێک لەو بیرەوەری نوسانە هەژماردەکرێت، کە لەگەڵ چینی لێقەوماو و هەژاراندا زۆر هاوسۆز بوە و دەستی گرتونە لە زۆر ڕوەوە و بۆ نمونە لە کاتی لافاوەکەی ساڵی ١٩٥٧ لە شاری سلێمانی، بڕی (١٠٠٠) دیناری بۆ زیان لێکەوتوان تەرخانکردوە، لە ساڵی ١٩٧٩بڕی (١٥٠) هەزار دیناری بۆ وەزارەتی تەندروستی تەرخانکردوە بۆ دروستکردنی نەخۆشخانە، لەگەڵ دروستکردنی مزگەوتێک لە شاری سلێمانی و چەندان پڕۆژەی دیکەی خێرخوازی (عبدالرحمن، ٢٠٠١: ٥١). عەلی کەمال بەگ بە تێبینی ئەوەی بە کورتی چەند وێستگەیەکی ژیانی دەرخستوە، لە هەندێک باردا قوڵنەبۆتەوە لە پێشهات و ڕوداوە کاریگەرەکان، بەڵام بیرەوەرییەکانی عەلی کەمال بەگ بە چەند پێوەرێک سەنگی مێژویی خۆیان هەیە، ناوبراو وەک کەسێکی سەربازی ڕۆڵی گێڕاوە لە دامەزراوە سەربازییەکانی عێراق بەتایبەتی لە ناوچەکانی باشوری عێراق، وەک کوردێکیش هاوشانی سەرکردەکانی لە چەشنی ڕەشید عالی گەیلانی (١٨٩٢ – ١٩٦٥)

و بەکر سدقی لە دامرکاندنەوەی جولانەوەی هۆزەکان بەشدار بوە، بەڵام لە ژێدەرە عەرەبییەکان ڕۆڵەکەی فەرامۆشکراوە. جیا لەوەش لەو کاتەی دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی، هەڵوێستی هەبوە لە بارەی کێشەکانی کورد، هەروەها بە کەسێکی خێرخواز ناوبانگی دەرکردبو، یارمەتی قوتابییان و هەژارانی زۆر داوە سەرباری پڕۆژە خزمەت گوزارییەکانی، لەڕوی دارایی پاڵپشتی گۆڤاری گەلاوێژیش بوە.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند ئەنجامێک کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەیان خەینەڕو:

١. بەراورد بە ناوەندی ئەستەمبۆڵ کوردی بەغداد درەنگتر ئاوڕیان لە یاداشتنوسی داوەتەوە ئەگەرچی بەشێک لەو کوردانە سەرەتا کاریگەربونە بە پێشکەوتنەکانی ئەستەمبۆڵ، بەڵام درەنگتر پڕژاونەتە سەر بیری نوسینەوەی یاداشت و بیرەوەریەکانییان، بەڵام تێبینی ئەوە دەکرێت، هەندێک لەم یاداشت و بیرەوەرییانە وەک ڕێگە خۆشکردنێک وابونە، کە کوردی باشور وەک پێشەنگێک و ئەزمونێک لە هەندێک لەم یاداشتنوسانە بڕوانن لە نمونەی ڕەفیق حیلمی، مەسعود محەمەد .

٢. نەبونی هاودەنگەییەک لەسەر بەکارهێنانی یەک جۆر ناونیشان بۆ یاداشتەکانییان، بۆ نمونە عەبدوڵا عباس یاداشتی بە کارهێناوە و مستەفا نەریمان بیرەوەری، مەسعود محەمەد گەشتی ژیانم ئەوانەی بە زمانی عەرەبی نوسیویانە گشتییان وشەی (مذكرات)یان بەکارهێناوە.

٣. باڵادەست بونی توێژی سیاسی وسەربازییەکان لە نێو کۆی یاداشت و بیرەوەری نوسانی بەغداد بە جۆرێک لە کۆی (٨) کەس پێنج کەسیان دەچنە خانەی سیاسی و سەربازییەکان.

٤. ئافرەتان نە بپڕژاینە سەر نوسینەوەی یاداشت و بیرەوەرییەکان، سەرەڕای ئەوەی لە دامودەزگا پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەکان ئامادەگییان هەبوە، لەوانەش نەسرین فەخری، ئەحلام مەنسور، سەرگوڵ تەیمور، شەهلا تاهیر حیدەری خێزانی کەمال مەزهەر، شیرین ئیبراهیم هاوژینی حەمەی مەلا کەریم و چەندانی تریش، توێژی ئەکادیمییەکانیش لە وێنەی کەمال مەزهەر، فوئاد حەمە خورشید، وریا عومەر ئەمین، خۆیان لە قەرەی ئەم بوارە نەداوە.

٥. ڕەنگدانەوەی ڕوداو پەرەسەندنەکانی ڕۆژگاری پادشایەتی زیاتر چەقی باسەکانییان بوە و پانتاییەکی بەرفراوانی بۆ تەرخانکراوە لە نێو یاداشت و بیرەوەرینوسان، بەراورد بە ماوەی کۆماری تەنها ماوەی فەرمانڕەوایەتی عەبدولکەریم قاسم 1957 – 1963 نەبێت، کە بەشێکیان لەسەری وەستاون، ماوەی ١٩٦٨ بۆ ٢٠٠٣، تەنها لەلای مستەفا نەریمان و عەبدوڵا عەباس، لایان لە بەشێکی ڕوداوەکانی ساڵانی حەفتاکان کردوەتەوە، بەڵام زیاتر لەباری ڕۆشنبیری لێی دواون، ئەم خۆ لە قەرەنەدانەیان هۆکارەکەی بە پلەی یەکەم بۆ دەسەڵاتی حکومەتی عێراق دەگەڕێتەوە، کە لە باری سەربەستی نوسین ئازادییەکەیان بەرتەسکراوەتەوەو بەشێکیشیان پێگەیان لە دامەزراوە حکومییەکان هەبوەو لە ترسی لە دەستدان و زیندانیکردن، بوێری باسکردنی ڕوداو و پەرەسەندنی کاریگەری ساڵانی هەشتاکانییان نەبوە، لە چەشنی ئەنفال و کیمیابارانکردن،

سیاسەتەکانیتری پاکتاوکردن دژی نەتەوەکەیان، هەر بۆیە لێرەدا ئەو ژینگەیەیی تیایدا دەژیت ڕۆڵەکەی بەدەر دەکەوێت.

٦. پرسی ڕەخنەگرتن لە خودی خۆیان لە میانی ئەو ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییەی، کە هەیانبوە لە ماوەی ژیانی خۆیاندا، نەبۆتە جێگەی بایەخ، بەجۆرێک پەنجەیان لەسەر کەموکورتییەکانی خۆیان دانەناوە، بەڵکو زیاتر دەرخستنی ڕۆڵی خۆیان بوە و هەندێکیشیان کەوتونەتە نێو بازنەی وەڵام دانەوەی کەسانیتر و بەپاک ڕاگرتنی پەرێزی خۆیان.

٧. نوسینەوەی یاداشت وبیرەوەری هەندێک لەو کەسایەتییانەی پێگەیەکی بەرچاویان هەبوە و هەندێکیشیان گەیشتونەتە هەرەمی دەسەڵات، وەک ئەحمەد موختار بابان و فواد عارف، سەرنجی مێژونوسە دیارەکانی لە چەشنی عەبدوڕەزاق حەسەنی و کەمال مەزهەری کەمەندێشکردوە بۆیەش بایەخ و گرنگی بەشێک لەم یاداشتانەیان بۆ بەدیارکەوتوە، لەم سۆنگە یەوەش، هەڵساون بە ڕێکخستنی بەشێک لەم یاداشتانە و دانانی پەراوێز لەپێناو زیاتر ڕونکردنەوەو پێدانی زانیاری پتر بە خوێنەر.

٨. نوسینەوەی ئەم یاداشت و بیرەوەرییانە زیادەیەکی خستۆتە سەر زانیاری و مەعریفە و هۆشیاری مێژویی، بەڵام زیاتر خۆی دەدۆزێتەوە لە وابەستەبون بە مێژویی هاوچەرخی عێراق و ڕۆڵیان لەو وێستگانەی تیایاندا بەشێک بونە یاخود نزیک لە پێشهاتەکان بونە، بەڵام زیاتر بە ئاڕاستەی دەرخستنی خودی خۆیان بونە و پەیامێکی نەتەوایەتی بەرجەستەکردنی کێشەی کورد لە گشت قۆناغەکانییان و لای هەموان بەدیناکرێت.

٩. زمانی نوسینەوەی ئەم یاداشت و بیرەوەرییانە، خۆیان بە دورگرتوە لە بەکارهێنانی دەستەواژەی نەشیاو، زۆر بەکەمی پەنا براوەتە بەر شێوازی زمانی زبر.

١٠. ڕەنگدانەوەی پێگەی کوردە فەیلییەکان و ئەو ڕێوشوێنانەی لەسەر ئاستی دەوڵەتی عێراق بەرانبەریان گیرایەبەر هەر لە فەرامۆشکردن، گرتن، زیندانی و دواتر لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە و دور خستنەوەیان بۆ ئێران، لە نێو دوتوێی یاداشت و بیرەوەرییەکانییان بەدیناکرێت، شیمانەی ئەوە دەکرێت لەبەر هەستیاری ئەم بابەتە و ژینگەی سیاسی، کە یاداشت و بیرەوەرینوسانی بەغداد تیایدا بونە، باسی ناسۆریەکانی فەیلییەکان، کار و پیشەی رۆژانەیان تەنانەت لە ڕۆژگاری پادشایەتیش نەکراوە.

# The role of Baghdad Kurds in writing diaries and memories between the years 1991 - 2003

**Shwan Ahmad Bapir[1] - Shakhawan Abdullah Saber[2]**

[1+2]Department of History ,Faculty of Arts, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

Writing diaries and memories is an educated attempt by the Kurds settled in Baghdad between the years 1991 to 2003. The Kurds settlements in Baghdad has a long historical root, their footprints can be easily seen in different fields, from the establishment of the Iraqi country in 1921 and the establishments during monarchy all the way to the foundation of the republic in 1958. Kurds have had different role in Iraq till 2003. A number of those Kurd who settled in Baghdad felt the importance of writing their diaries and memories to familiarize the new generation and to create a source for the researchers. Investigations about such a field has a historical significance due to its diverse nature. Besides, the political developments, social aspects, media, economics, education, geography, women, civil…. etc. such, diaries and memories contain significant information that can have a profound historical impact on the modern history.

Monarchy era is paid more attention compared to the republican era which shows the monopoly of politicians and military elites in which (5) out of (8) of those diary and memory writers were among them. Women had a narrow space in this field and the writers depended on themselves in writing their diaries and memories.

**Keywords**: Diaries And Memories, Baghdad Kurds, Monarchy Era, Masoud Mohammed, Abdulla Abbas, Mustafa Nariman, Ahmed Mukhtar

## سەرچاوەکان

ڕۆژبەیانی. مەلا جەمیلی (٢٠١٨)، سەربەهوردی ڕۆژبەیانی بە کورتی، ئەحمەد باوەڕ، ساغکردنەوەو پێشەکی و پەراوێزی بۆ نوسیوە، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان. سلێمانی.

عەباس. عەبدوڵا (٢٠٠١)، ئەوها دەرگاکەم کردەوە، یاداشتی ٣٠ساڵ لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا ١٩٦١- ١٩٩١، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد.

قاضی. حافظ (٢٠٠٣)، بیرەوەری، ب١، چاپخانەی خەبات، دهۆک.

محەمەد. مەسعود (١٩٩٢)، گەشتی ژیانم، ستۆکهۆڵم.

موکریانی. کوردستان ٢٠٠٠)، مذکرات فؤاد عارف، ج١، تقدیم و تعلیق، کمال مظهر أحمد، مطبعة خەبات- دهوک.

علی کمال، مذکرات، ١٩٠٠ (٢٠٢٢)، لەهەولێرەوە بۆ هەولێر، ژیان وبیرهاتی، چ١، چاپخانەی سنە.

هریمان. مستەفا (١٩٩٤)، بیرەوەرییەکانی ژیانم، دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد.

بابان. ئەحمەد موختار (1999) مذكرات أحمد مختار بابان اخر رئيس للوزراء في العهد الملكي في العراق1999، ط١، عمان، الاردن. اعداد وتقديم، د.كمال مظهر احمد، ط1، مطبعة الجامعة الأردنية، عمان .

روسو. جان جاك (١٩٩٨)، إعترافات جان جاك روسو، ت، حلمي مراد، دار ميوزيك، القاهرة.

عارف. فؤاد (-١٩٩٨، تقديم و تحقيق، جمال بابان، بغداد، ٢٠٠١.

القادرى (١٩٢٤)، مذكرات القادرى بيان الثورة الروسية العظمى و ايضاح غوامضها، مطبعة الفلاح، بغداد.

نەجاڕ. هۆشەنگ ساڵح محەمەد شەریف (٢٠١٩)، بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی لە شاری بەغداد ١٩٥٨- ١٩٧٥ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوییە، زانکۆی سەلاحەددین هەولێر.

عبدالمحمد. احمد صابر (٢٠٢٢)، النشاط السياسي الكوردي في بغداد ١٩٢١- ١٩٥٨، جامعة صلاح الدين، اربيل.

Caine. Babara (2010), Biography and History, published by Palgrave Macmillan. London.

بۆکانی. سابیر(٢٠٢٠)، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چ٢، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

بیمار. عبدالرزاق (١٩٩٦)، پەخشانی کوردی، دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی، بغداد.

جاف. وریا (١٩٩٨)، کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

خۆشناو. میرزا کەریم (١٩٨٦)، حەسەن زیرەک و هەندێک لە بەسەرهاتەکانی، ب٢ ، مطبعة دار القادسية، ط١، بغداد.

دەلۆ. ئازاد هیدایەت (٢٠٠٥)، دیداری ڕۆشنبیری، ب١، هەولێر.

رسول. شوكريه (١٩٨٩)، ئەدەبی كوردی و هونەرەكانی ئەدەب، مطابع التعليم العالی، اربيل.

فەرهادی. حەمە سالح (١٩٨٨)، چەند لایەنێكی ڕۆژنامەنوسی كوردی، چاپخانەی الحوادث، بەغداد.

قەرەنی. نیعمە (٢٠١٢)، هونەری ژیاننامەی خودی لە ئەدەبی كوردیدا (مسعود محەمەد- پاكیزە رەفیق حیلمی) وەك نمونە، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەلات هەولێر .

لەشكری. حەیدەر و حەوێزی. دەریا (٢٠١٧)، كۆنفرانسی دوەمی ناودارانی كۆیە – كۆنفرانسی یادی پانزدە ساڵەی كۆچی دوایی ئەدیب و فەیلەسوف وبیرمەندی كورد مەسعود محمد، چ١، بلاوكراوەی زانكۆی كۆیە، هەلێر، كوردستان.

محەمەد. مەسعود (١٩٩٦)، پەرژینی بێدەنگی، لە بلاوكراوەكانی كۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد- كوردستان، سوێد.

مستەفا. ڕەنگین ئیبراهیم (٢٠١٧)، ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی ڕۆڵی لە بزاڤی سیاسیدا چاپخانە بینایی، هەولێر.

میخایلۆڤ، سێرگی و سەپان، مەغدید (٢٠٢٠)، پەخشی رادیۆی كوردی، چ١، چاپخانەی ماد، لە بلاوكراوەكانی خانەی موكریانی بۆ چاپ و بلاوكردنەوە.

مینە. ئەمین قادر (٢٠١٢)، ئەمنی ستراتیجیی عێراق و سێكوچكەی بەعسیان: تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، بلاوكراوەكانی ئەكادیمییای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیرانی (ی.ن.ك)، سلێمانی.

ناوخۆش. سەلام (٢٠٢١)، هیچ كاتێك نیشتیمان هی هەموان نەبوە، خوێندنەوەی بیرەوەرییەكانی شارو شاخ بە پێوەری ( كێف) و (گرایس) و( لیچ)، لە بلاو كراوەی ناوەندی ڕۆشنبیری ئاشتی، هەولێر.

ئۆمەر. ئەحمەد حەمە ئەمین (٢٠٠٧)، ئەندامە كوردەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی لە ڕۆژگاری پادشایەتیدا ١٩٢٥-١٩٥٨، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

ئەبوبەكر. سەدرەدین نورەدین (٢٠١٢)، هونەری یادەوەری تۆماركردن هەر بابەتەی ئاورێك، دەزگای چاپ وپەخشی موكریان، هەولێر.

ئەحمەد (٢٠١٢)، كاریگەریی بزوتنەوە ڕۆشنبیری و ئەدەبییە كوردییەكان لەسەر كۆمەڵگای كوردی باشوری كوردستان ١٩٧٠- ٢٠٠٣، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

البدري. عباس، (٢٠١٧)، بغداديات، ط2، مطبعة كوردستان، السليمانية.

الحاج. عزيز (١٩٩٩)، بغداد ذلك الزمان، ط1، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.

الزوبعي. خليل ابراهيم حسن واخرون.... (٢٠٠١)، المذكرات الشخصية مصدراً لكتابة التاريخ، بيت الحكمة، بغداد.

شاكر. تهاني عبدالفتاح (٢٠٠٢)، السيرة الذاتية في الأدب العربي: فدوي الطوقان و جبرا إبراهيم جبرا و إحسان عبس نموذجآ، ط١، مؤسسة العربية للدراسات والنشر. بيروت.

صابر. شاخوان عبدالله (٢٠٠٧)، رفيق حلمى، دراسة تأريخية في نشاطه السياسي و الثقافي، مطبعة شڤان، السليمانية.

اللامي. فردوس عبد الرحمن كريم (٢٠١٧)، الحياة الاجتماعية في بغداد تاريخها- أسوارها- بيوتها - حماماتها- مقاهيها- مساجدها- تكاياها- مجالسها وطوائفها (١٢٤٧- ١٣٣٦هـ/ ١٨٣١-١٩١٧م)، بيروت.

هاجاني. حازم محمود (٢٠١٣)، صفحات من تاريخ الكرد و كردستان،ط٢، مطبعة محافظة دهوك .

التونجي، محمد (١٩٩٩)، ج١، المعجم المفصل في الادب، دار الكتب العلمية، لبنان.

عەبدوڵلا عەباس، ٨ی ئابی ٢٠٢٢.

محەمەد سالح عەبدولکەریم بەرزنجی، ١٦ئەیلولی ٢٠٢٢،٢١ تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢.

هەژار. (١٩٩٩)، هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کردی- فارسی، ج١، چاپخانە سروش، تهران.

هەڵۆ بەرزنجەیی، ١٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٢.

وریا عومەر ئەمین، ١٢ی ئەیلولی ٢٠٢٢ .

ئیبراهیمی. عەبدوڵلا (٢٠١٢)، فەرهەنگی کاوە فارسی- کوردی، ب٣، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

ئەسوەد. نەوزاد ئەحمەد (٢٠١٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چ١، ناوەندی غەزەلنوس.

Dictionary. Webster's New Explorer Encyclopedic (2011), published By Federal Street Press, United States of America.

Dictionary. Oxford of English (2010), NY: Oxford University Press. New York.

Dictionary. Longman Advanced American (2005), Third published, England, printed in Spain by cayrosa - quebecor, Barcelona.

Dictionary. Cambridge Learner's (2004), Cambridge University press, United Kingdom.

وریا عومەر ئەمین، ١٢ی ئەیلولی ٢٠٢٢.

هەڵۆ بەرزنجەیی، ١٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٢.

محەمەد سالح عەبدولکەریم بەرزنجی، ١٦ئەیلولی ٢١،٢٠٢٢ تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ .

عەبدوڵلا عەباس، ٨ی ئابی ٢٠٢٢.

عومەر. موحسین ئەحمەد (٢٠١٥)، ئۆتۆبیۆگرافی و بیۆگرافی وەک ژانرێکی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا، گۆڤار (ئەکادیمیای کوردی) ، ژ: ٣٢، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر

محەمەد. مەسعود (١٩٨٤)، گەشتی ژیانم، گۆڤار (ڕۆشنبیری نوێ)، ژ: ١٠٣-١٠٤، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، دار الحرية للطباعة، بەغداد.

الحميري. علاء خميس علوان (٢٠١٩)، تطور التعليم في العراق وأثره في الحياة الاجتماعية 1912-1958، مجلة كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية والإنسانية/ جامعة بابل. العدد، ٤٣، بابل.

## پەراوێزەکان:

1. لەبارەی دابەشبونی پێکهاتەکان بەپێی بەڵگەنامەی بەریتانی سەیری پاشکۆی ژمارە (١) بکە.
2. گۆڤاری ڕەنگین یەکەمین ژمارەی لە ١٤تشرینی دوەمی ١٩٨٧بڵاوبۆتەوە، گۆڤاری بەیان ژمارە (١)ی لە تشرینی دوەمی ١٩٦٩دەرچوە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (٠)ی لە ١١تشرینی دوەمی ١٩٧٣دەرچوە (فەرهادی، ١٩٨٨: ٧٥، ٧٦)، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١)ی لە ٩/ ١ی ١٩٧٠و هەروەها ئەم دو ڕۆژنامەیەش بە زمانی کوردی دەرچونە، ڕۆژنامەی عێراق (پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق)ە، یەکەم ژمارەی لە ١٩٧٧/٣/٢١، لێبڵاوبۆتەوە، هەروەها ڕۆژنامەی ئاسۆ لە ٢٢تەموزی ١٩٨٩ ژمارە (٠)ی لێدەرچوە تاوەکو ساڵی ١٩٩١بەردەوام بو (جاف، ١٩٩٨: ٩٢، ٩٣).
3. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دابەشبونی یاداشت و بیرەوەرییەکان، سەیری پاشکۆی ژمارە (٢) بکە .
4. لەم جۆرە نمونەیەدا کۆمەڵگەی توێژینەوە بەسەر چەند گروپ و چینێکدا دابەش دەکرێت، ئەم ڕێگەیە لە مێژە پەیمانگای گالوپ لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، پەیڕەوی لێدەکات و کۆمەڵگەی ئەمریکی بەسەر چەند بەشێکدا دابەش دەکات و لەهەر بەشەو ژمارەیەک هەڵدەبژێرێت، ئەوەش ئارەزومەندانەیە، لەوانەش خوێندکاران، مامۆستایان، پیشەوەران، پیاوانی ئاینی، سەربازی، ...هتد (بۆکانی، ٢٠٢٠: ١٢٩).

٥. عەبدوڵا عەباس، لە٤ی نیسانی ١٩٤٦، لە ناحیەی چوارتا، چاوی بە دونیا هەڵێناوە، خوێندنی سەرەتایی لە چوارتا و ناوەندی لە سلێمانی و بەغدادبوە، بەڵام لە درێژەدان بە خوێندن دابڕاوە، چۆتە ڕیزی یەکێتی قوتابییانی کوردستان، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٣و چۆتە بەغداد هەتا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٨ ماوەتەوە، بۆ ماوەی٤٠ساڵ لەنێو بواری ڕاگەیاندن کاریکردوە، خاوەنی (٤٠) کتێبی چاپکراوە، ئێستا لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە (عباس، ٢٠٠١: ٩،١٠، ٣٤، ٤٦، ٣٢٨؛ پەیوەندی تەلەفۆنی، عەباس، ٨ی ئابی ٢٠٢٢).


٦. جیا لەم یاداشتەشی خاوەن سێ یاداشتی تریشە، لە قۆناغەکانیتری ژیانیدا بڵاوی کردونەتەوە ئەوانیش: ١- شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١دژی ڕژێمی قاسم، ١٩٩٧، هەولێر. ٢- پاشکۆی یاداشتەکانم لە شۆڕشی ئەیلولی مەزن، بەرگی دوەم.


٧. علی کەمال عبدولرەحمان، لەدایک بوی گەرەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانییە، دەرچوی ئامادەیی سەربازییە لە شاری بەغداد و ساڵی ١٩١٦دەچێتە ئەستەمبۆڵ، بۆ خوێندنی سەربازی و بە پلەی ئەفسەری یەکەم، لە سوپای عوسمانییەکان دادەمەزرێت، ساڵی ١٩٢٢، دەگەڕێتەوە بۆ عێراق، لە چەندین دامەزراوەی دەوڵەت کاری کردوە لەوانەش یاریدەدەری پۆلیسی کۆیە حوزەیرانی ١٩٢٢، بەڕێوەبەری پۆلیسی بەغداد ١٩٣٣، لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥تا ١٩٥٨، شەش خول هەڵبژێردراوە وەک نوێنەری سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەران ناوبراو بە کارە خێرخوازییەکانی ناسراوە و ساڵی ١٩٩٨، لە لەندەن کۆچی دوایکردوە (عبدولرەحمان، ٢٠٠١: ٥، ٩، ٤٢، ٢١٨) .

# پاشكۆكان

دابەشبونی پێکهاتەکان بەپێی بەڵگەنامەی بەریتانی پاشکۆی ژمارە (١).

دابەشبونی یاداشت و بیرەوەرییەکان، پاشکۆی ژمارە (٢)



4

CENSUS.

270 The following are the results of the recent census of nationalities by Divisions.

The totals given have been adjusted to correspond with those shown in General Circular 82 of January 21st.

They exclude members of the Civil Administration, and of the Army of Occupation.

| Division. | A. Arab. | B. Kurdish. | C. Persian. | D. Turkish. | E. European. | F. Indian. | G. Total. | H. Wilayat. |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Baghdad ... ... | 238,800 | 3,000 | 6,500 | 500 | 200 | 1,000 | 250,000 | |
| Samarra ... ... | 80,550 | 150 | 250 | ... | ... | 20 | 80,970 | |
| Diyalah ... ... | 87,866 | 13,529 | 1,906 | 735 | ... | ... | 104,036 | |
| Kut-al-Amarah ... | 97,267 | 8,645 | 1,786 | 8 | 8 | 84 | 107,798 | |
| Diwaniyah ... | 203,830 | 150 | 500 | ... | ... | 20 | 204,500 | |
| Shamiyah ... | 178,650 | 200 | 11,000 | ... | ... | 150 | 190,000 | |
| Hillah ... ... | 163,064 | 480 | 8,100 | 105 | 1 | 1,250 | 173,000 | |
| Dulaim ... ... | 249,000 | 1,000 | ... | ... | ... | ... | 250,000 | |
| | **1,299,027** | **27,154** | **30,042** | **1,348** | **209** | **2,524** | **1,360,304** | **BAGHDAD.** |
| Basrah ... ... | 117,727 | 131 | 47,066 | 112 | 71 | 493 | 165,600 | |
| Amarah ... ... | 290,480 | 8,000 | 1,500 | ... | ... | 20 | 300,000 | |
| Muntafiq ... ... | 316,725 | 1,931 | 1,300 | 38 | 2 | 4 | 320,000 | |
| | **724,932** | **10,062** | **49,866** | **150** | **73** | **517** | **785,600** | **BASRAH.** |
| Mosul ... ... | 155,633 | 179,820 | ... | 14,895 | 10 | 20 | 350,378 | |
| Arbil ... ... | 5,100 | 87,800 | ... | 13,100 | ... | ... | 106,000 | |
| Kirkuk ... ... | 21,500 | 39,500 | ... | 31,000 | ... | ... | 92,000 | |
| Sulaimaniyah ... | ... | 155,000 | ... | ... | ... | ... | 155,000 | |
| | **182,233** | **462,120** | ... | **58,995** | **10** | **20** | **703,378** | **MOSUL.** |
| TOTAL ... | **2,206,192** | **499,336** | **79,908** | **60,493** | **292** | **3,061** | **2,849,282** | |

271. REVISED LIST OF LUNATICS FROM MESOPOTAMIA DETAINED IN ASYLUMS IN BOMBAY PRESIDENCY, JANUARY 1920.